
# عەبدوڵڵا سەڕاج

# نوێکار و ئەزموونگەری چیرۆکی کوردی



سابیر ڕەشید



**سەرباس**

عەبدوڵڵا سەڕاج چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی دۆخگۆڕ و شڵەقێنەری گۆمی مەنگی دنیای ئەدەبی گێڕانەوەی کوردییە. ئەستەمە کەسێك بیەوێ لەناو دەریای چیرۆکەکانی ئەودا مەلە بکات و چەند چیرۆکێکی بکاتە مشتێکی خەرواری چیرۆکەکانی، چونکە ئەو لەهەر چیرۆکێکیدا نوێکارییەکی کردووە، یان ئەزموونێکی جیاوازتری لەوەی پێشتری کردووە. هەر شەش کۆمەڵە چیرۆکی: لاکێشە ڕووناکەکان، مردوو خەون نابینێ، بارام ناوێك هەبوو، پەڕەنگ، پەیك، کۆمەڵگەی ئاسنین، شاهێدی پەرەسەندنی یەك بەدوای یەکی ئەزموونی ئەون، کە لە تەمەنی نووسینیدا کتێبخانەی چیرۆکی کوردی دەوڵەمەند کردووە، دواییش سەرجەم کۆچیرۆکەکانی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بە ناونیشانی (لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر) لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، خرایەوە بەر دیدی عاشقانی چیرۆکی کوردی. پێشتر چیرۆکەکانیم چ لە کتێبدا و چیش لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا خوێندۆتەوە، یانیش لە شاخدا لە ئەدەبیاتی پێشمەرگەدا بە ناسناوی (م. شوان) و (میرزا شوان)، چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.

بێگومان ع. سەڕاج جگە لە نووسینی چیرۆك و ڕۆمان لێکۆڵینەوە و وتار و بابەتی ئەدەبی زۆری لە بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی و ڕۆمان و چیرۆك و هونەری شێوەکاری و شیعر و گێڕانەوەناسیدا لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان، بە زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە، هەروەها گۆشەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیریشی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین هەبووە و لەم بوارانەشدا چەندین کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت بابەتەکانی خۆیشی لە بوارەکانی چیرۆك و ڕۆمان و شێوەکاری و بابەتە جیاجیا ئەدەبییەکانیدا کردووە بە کتێب و چاوپێکەوتنەکانیشی کە لەگەڵیدا کراوە بەناونیشانی (دیداربینییەکانم) چاپ کردووە و سەرجەم کتێبەکانی بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسەر و توێژەر و مامۆستایانی زانکۆ و کتێبخانەی گێڕانەوەناسی کوردی دەوڵەمەند کردووە.

من بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیەم لەبارەی نوێکاری و ئەزموونگەریی سەڕاج، جارێکی تر دووجار بە وردی سەرجەم چیرۆکەکانیم خوێندەوە و لەهەر چیرۆکێکیدا تێبینی خۆم تۆمارکرد، چونکە وەك وتم ناتوانی باسی نوێکاری و ئەزموونگەری چیرۆکەکانی ئەو بکەیت و چەند چیرۆکێك بکەیتە نموونە، بەڵکو دەبێ لە هەموو چیرۆکەکانیدا وردبیتەوە، لەبەر ئەوەی لەهەر چیرۆکێکیدا، چەندین تەکنیك و شێواز و ئەزموونی جیاواز لەوەی پێشتری بەدی دەکەیت، تا لێی قووڵ بیتەوە، ئەوسا لە گرنگی ئەزموونی ئەو زاتە دەگەیت،

نالی گوتەنی (غەواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە)، بۆیە جارێکی تریش هەموو ئەم نووسینانەشم خوێندەوە کە لە بارەی هونەر و ئەزموونی چیرۆکنووسی ئەوەوە نووسراون و ئەمەش دەرگایەکی فراوانی بۆ خستمە سەر پشت کە بتوانم لە سەبك و دارشتن و هونەرکاریی ئەو بگەم، چونکە ع. سەڕاج ئەزموونی نووسینی لەگەڵ هەموو چیرۆکنووسانی کورد جیاوازە و لە هەمووشیان زەحمەتتر خۆی بەدەستەوە دەدات.

## باسی یەکەم:
## نوێکاری و دیدی نووسەرانی کورد لەبارەی عەبدوڵڵا سەڕاجەوە

عەبدوڵڵا سەڕاج یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێکارانەی کورد کە لە دوای ساڵانی حەفتاکاندا و دواییش لە دەیەکانی هەشتاکان و دوای ڕاپەڕینیش بەردەوام بوو لە نووسینی چیرۆکی هونەری و وەك نوێکارانی تری کورد خۆی لە تەکنیك و شێوازی ئاسایی چیرۆکی کوردی ڕزگار کردووە و هەر لە سەرەتای نووسینی چیرۆکەوە پەیڕەوی شێوە تەکنیکی نوێی دنیای کردووە و نەچۆتە ژێرباری سێیانەی مۆباسانی کۆن کە بریتی بوو لە (سەرەتا و گرێچن و کۆتایی)، بەڵکو وەك نوێکارانی تری چیرۆکی کوردی، زمانێکی نوێ و جیاوازی هەبووە و لە هەردوو لایەنی شێوە و ناوەڕۆکدا پەیڕەوی شێواز و تەکنیکی نوێی دنیای کردووە و کاریگەر بووە بە چیرۆکنووسانی نوێی دنیا و سوودی لە چیرۆکنووسە نوێکارەکانی ئەوروپایی وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی و چیرۆکنووسانی قوتابخانەی ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگەی زانینی زمانی عەرەبی و تورکییەوە، ئاگاداری ئەدەبی نوێی عەرەبی و تورکی بووە و لە ڕێگەی زانینی زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزیشەوە ئاگاداری ئەدەبی نوێی فارسی و نوێکارانی تری دنیا بووە، بۆیە ئەو هەم نوێکارە و هەمیش ئەزموونگەرە لە دنیای گێڕانەوەی ئەدەبی کوردیدا، لەم تەوەرەدا باسی ئەو نوێکارییانەی دەکەین کە شان بە شانی چیرۆکنووسە نوێکارەکانی تری کورد توانیویانە چیرۆکی کوردی نوێ بکەنەوە، لە تەوەرەی دووەمیشدا تەنیا ئەو تایبەتمەندییانە و ئەزموونە نوێیانەی ئەو دەخەینە بەرباس کە تایبەتن بە خۆی و تەنیا ئەو پێی دەناسرێتەوە.

(حوسێن عارف) لەم نووسینە گرنگەیدا کە ساڵی ١٩٧٧ لە ژمارە (٦٢)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوی کردەوە و دواییش خستیە ناو کتێبی (نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵنەوەدا - ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٨٨) چیرۆکنووسانی دوای ساڵانی (٧٠)ی پۆلین کردووە و بەم شێوەیە (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی وەها پۆلین کردووە کە دەڵێ: (یا هەمانن لە نەوەی


لەوەبەرن و لەم ساڵانەدا، هەرچەندە بە زۆری لەسەر تەکنیکی لەوەبەریان ڕۆیشتوون، بەڵام تەقەڵای بەکارهێنانی تەکنیکی تازەشیان داوە وەك: محەمەد مەولوود و دکتۆر کاوس قەفتان و مستەفا ساڵح کەریم و ئەمین میرزا کەریم و جیهان عومەر. ئینجا لە بەرامبەر ئەماندا، هەمانن نەوەی نوێن و سەرەتا بە تەکنیکی کۆن دەستیان پێکرد و دوایی بەلای تازەدا لایان دا وەك: عەبدوڵڵا سەڕاج و تاهیر ساڵح سەعید و محەمەد فەریق حەسەن و سەلام مەنمی)(١).

بێگومان حوسێن عارف لەم نووسینەدا پۆلینی تریشی کردووە، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە دانانی ئەوە بۆ ع. سەڕاج کە لە باسکردنی چیرۆکنووسانی دوای (٧٠)کان لە چ خانەیەکی نوێکردنەوەدایە لە چیرۆکی کوردیدا. (د. ئیبراهیم قادر محەمەد)یش لە تێزی دکتۆراکەیدا کە ساڵی ١٩٩٧ بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠ - ١٩٨٠)دا ئاماژە بە پۆلینەکەی (حوسێن عارف) دەدات و لەگەڵ هەمان پۆلین دایە، بەڵام ئەو بەم جۆرە چیرۆکنووسە نوێکارەکانی دوای ساڵانی حەفتای چیرۆکی کوردی باس کردووە و دەڵێ: (سەلاح شوان، یەکێکە لەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی هەوڵدەرانە بۆ ئەزموونێکی تازە لە بواری نوێکردنەوەدا، هەروەها (دڵشاد مەریوانی کە هەر لە گەشەکردندا بوو.. محەمەد موکری و محەمەد فەریق حەسەن و محەمەد ڕەشید فەتاح و ڕەووف بێگەرد و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و عەبدوڵڵا سەڕاج و حەمەکەریم عارف و غەفوور ساڵح و جیهان عومەر، (لە کورتیلە چیرۆکدا داهێنەرە و دەستی باڵای هەیە)، ڕەووف حەسەن، هیشام تاهیر بەرزنجی و جەزا عەلی ئەمین و مستەفا ساڵح کەریم، د. کاوس قەفتان، ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، سەلاح عومەر و شێرزاد حەسەن...هتد) بەرهەمی جوانیان پێشکەش کردووە و بەرەو پێشکەوتن ڕۆیشتوون)(٢).

(زاهیر ڕۆژبەیانی) لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردیی - شێوە و شێواز و بونیاد) دا چەند بەشێکی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی نوێکاری و ئەزموونگەری لە چیرۆکەکانی ع. سەڕاجدا کە دوای لێکۆڵینەوەی ورد و باسکردنی لایەنی هونەریی چیرۆکەکانی لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە دەڵێ: (عەبدوڵڵا سەڕاج چیرۆکنووسێکی ئەزموونگەرە، دەست بۆ هەمووکەسەرەیەکی نوێی تاقی کراوە و تاقی نەکراوە دەبات، خولیای خۆ جێهێشتنە. خوو بە هیچ شتێك نادات و دەق بە هیچەوە ناگرێت تا سەر. هەمیشە لەگەڵ خۆی و خەڵکی دیکەشدا لە کێبڕکێیەکی بەردەوام دایە)(٣).

عەبدوڵڵا سەڕاج لە بواری ڕۆماننووسینیشدا هەر نوێکار و ئەزموونگەرە. (ڕێزان ڕەحمان

خـدر) لـە کتێبـی (تەکنیکـی گێڕانـەوە لـە ڕۆمانەکانـی عەبدوڵـڵا سـەڕاج دا) کە لـە بنەڕەتدا نامەیەکی ئەکادیمییە لەبارەی ڕۆمانەکانی ع. سـەڕاج، دوای ئەوەی ڕای هەموو نووسـەرانی کـوردی خسـتۆتە نـاو توێژینەوەکـەی کـە لەبـارەی نوێـکاری و ئەزموونـی چیرۆکنووسـی و ڕۆماننووسـی ئـەو نووسـیویانە دەگاتـە ئـەو ڕایـەی کـە دەڵـێ: (عەبدوڵـڵا سـەڕاج کە شـەش ڕۆمانـی هەیـە، وەرچەرخانێکـی نوێـی لەنێو ڕۆمانی کوردیـدا تۆمار کردووە، بۆیە سـەڕاج بە یەکێـك لـە ڕۆماننووسـە نوێخوازەکانـی ڕۆمانی کـوردی دادەندرێت، چونکە لـە ڕۆمانەکانیدا تەکنیکێکـی نوێـی بەکارهێنـاوە و سـوودی لـە ڕۆمانـی نـوێ و ئەورووپـی وەرگرتـووە)(٤). (ئەدیـب نادر)یـش لـە نووسـینێکی تێروتەسـەل و بەهاداردا لەبـارەی (عەبدوڵڵا سـەڕاج) کە لەژێـر ناونیشـانی (دنیـای چیـرۆک لای عەبدوڵڵا سـەڕاجدا)، دەسـت لەسـەر ئـەم گۆڕانکاری و نوێکارانـەی چیرۆکنووسـانی کـورد دادەنێـت کـە دوای سـاڵانی حەفتـاکان بەرگـی تازەیـان لەبـەر چیرۆکـی کـوردی کرد، یەکێك لەو چیرۆکنووسـە دیارانە (ع. سـەڕاج)ە و لـەو بارەیەوە دەڵـێ: (ئەگـەر هەندێـك بگەڕێینـەوە دواوە بۆمـان دەردەکەوێـت چیـرۆک لـە حەفتـاکان بـەدواوە و لەسـەر دەسـتی چەنـد نووسـەرێکدا، کەوتـە مامەڵەیەکـی جیددیانەتـر لەگـەڵ هونـەر و تەکنیکـە تازەکانـی ئـەم ژانـرە. سـەڕاجیش هەروەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پێـدا، بـە زانیاریـی و مەعریفەیەکـی سەرانسـەریی لەبـارەی تەکنیکـە تازەکانـەوە هاتـە مەیـدان و بە



توانایەکـی سەرئاسـاوە ڕووبـەری تێکسـتەکانی خـۆی کـردە لابۆرێـك، ئەگـەر بشـێ وابڵێیـن، بـۆ تاقیکردنـەوەی سـەرجەمی ئـەم تەکنیکانـە. ئـەوەی موتابەعـەی بەرهەمەکانی ئەویشـی کردبـێ، چ چیـرۆک، یـان ڕۆمانەکانـی، درك بـەوە دەکات سـەڕاج بابەتگەلێکـی پێرفێکتـی بۆ برێـك لـە بەرهەمەکانـی و بەتایبەتیـش چیرۆکـە کورتەکانی دەسـتەبەر کـردووە و توانیوێتی لـە چوارچێوەیەکـی پـڕ بـە پێسـت و شایسـتەدا جێگەیـان بکاتـەوە. باڵادەستیشـی بەسـەر زمـان، بابـەت، تەکنیك، شـەقڵ و ئـەو هونەرەیش کە بـەکاری دەهێنێت نەك هـەر تەنها لەم سـەروبەند و هەنووکەیـەدا، بگـرە لە هەموو ئـان و زەمانێکدا ئەدەبێکە هەمیشـە هەژموون و بەرجەسـتەیی خـۆی دەپارێزێـت و هیـچ دەقێکیشـی نەمەتییانە شـەقڵیان نەگرتـووە، واتە هەرگیز کلێشـەی بۆ نووسـین نەبووە، چونکە بێجگە لەوەی هۆشـمەندانە گرنگیی بە شـەقڵ و بونیـادی دەرەکییانـەی چیرۆکەکانی داوە بەبێ ئەوەی ناوەڕۆك پشـتگوێ بخات، هەمیشـە و لـە هەمـوو دەقێکیشـیدا یەکێـك بـووە لـە ئەزموونگـەرە دەگمەنەکانـی نووسـین، هەمـوو داهێنانەکانـی هەوڵـی بێهاوتـا و جیددیـن بـۆ گـەڕان بـەدوای شـەقڵ و شـێوازی جیـاواز، بـۆ کەشـفکردنی دنیـا و کاراکتـەری جیـاواز بـۆ هونەری گێڕانـەوە)(٥).

(د. سـەلیم ڕەشـید سـاڵح)یش لە کتێبی (لێکۆڵینەوەکانم لە بواری شـێوازدا) کە سـاڵی ٢٠١٩ چـاپ کـراوە لەبـارەی هونـەری چیرۆکنووسـیی عەبدوڵـڵا سـەڕاج دەڵـێ: (عەبدوڵـڵا سـەڕاج ئـەو نووسـەرەیە کـە توانیویەتـی زمانێکـی سـەربەخۆی هەبێـت و لـە زمانـی فەرهەنگیـش دوور نەکەوتۆتـەوە، کەرەسـتە و دەسـتەواژە زمانییەکانـی نووسـەر زانـراون، بـەڵام بـۆ واتـای فەلسـەفی بەکارهاتوون، یاخود بۆ دروسـتکردنی وێنەی فەنتازی و سـوریالی، ئەو شـێوازەش چالاکییەکـی تایبەتـی نووسـەرە بـۆ جیاکردنـەوەی لـە نووسـەرانیتر، لای نووسـەر ئـەو جـۆر نووسـینە بـە شـێوازێکیتر ئەرکەکانـی پەیامـی دەق جێبەجـێ دەکات، هونـەری نووسـین سیسـتەمێکی هێـماداره بـۆ کۆمەڵێـك ئاماژە لای نووسـەر)(٦). (عەلـی شـێخ عومەر)یـش لـە لێکۆڵینەوەیەکیـدا بـە ناونیشـانی (تێکشـکاندنی دەق و فانتازیـای لەتبوونـی خـوود) کـە لـە ژمـارە (٢٣)ی گۆڤـاری (دیـوان)دا بڵاوکراوەتـەوە لـە بـارەی هونەرکاریـی چیرۆکنووسـیی و ڕۆماننووسـیی عەبدوڵـڵا سـەڕاجدا دەڵـێ: (ئەزموونـی دێرینـی عەبدوڵـڵا سـەڕاج لەمـەڕ نووسـینی کورتەچیـرۆک، تەژییـە بـە تەکنیك و بـە بنەماکانـی چیرۆکی نوێ، هـەر لە گەمەی زمانـەوە بیگـرە تـا دەگاتـە فانتازیـا، هێـما و ئەفسـانە، ئەمـە جگە لـە ڕەگەزەکانـی گەیاندن، چـۆن لـە ئەدەبـی کوردیـدا، ئاسـەواری دەسـتڕەنگینی ئـەم نووسـەرە لـە چیرۆکـدا دیـارە، بە هەمـان شـێوەش پێـم وایـە لـە نووسـینی ڕۆمانیشـدا درێغـی نییـە، توانیویەتـی زیندوویەتی دەقـی ڕۆمـان بپارێزێت، پرسـیار دروسـت بـکات)(٧).

(سەباح ڕەنجدەر)یش کە هاوڕێیەکی نزیکی ع. سەڕاجە، لە نووسینێکیدا لەبارەی کاکەمەم بۆتانی، کە تایبەتە بە بۆتانی و لە ژمارە (٩٢)ی هاوینی (٢٠٢٢)ی (ڕۆڤار)دا لەمیانی قسەکردنی لەم نووسینەدا لەبارەی ع. سەڕاج وەها باسی گفتوگۆی نێوان خۆی و کاکەمەم بۆتانی دەکات لەبارەی سەڕاجەوە لە هەمان کاتیشدا ڕای کاکەمەمە لەبارەی ع. سەڕاجەوە کە دەڵێ: (دیار بوو دوور بە دوور دەیزانی من چیرۆکەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)م لا داهێنان و نوێبەخشین، چاوەڕوانییەك دروست دەکا و خوێنەر تووشی خەیاڵشکان ناکات، کارەکتەری ناپێویستیش بەکارناهێنێ. باس و خواسی زۆری نێوان خۆی و ئەوی گێڕایەوە و دەیویست لا بە لا تاقیم بکاتەوە و دەمارم بگرێ، وەك دەروونناسێك شێوەی بیرکردنەوەم بناسێت، لە ئاستی ناسینەکەدا بابەتەکەی خۆیم لەگەڵ بکاتەوە و مامەڵەم لەگەڵدا بکات. گوتی: (هەوای چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج خۆشنین). کە زانی لە مەبەستەکەی گەیشتم، گوتی: نا نا لە هەمووماان چڕو پڕ هەستتر دەنووسێت. شێواز و فۆڕمێکی زۆر نوێی لە چیرۆکی کوردیدا زاڵ کرد، لێزیادبوونێکم بۆ بۆچوونەکەی هەبوو، گوتم: (دنیا و کۆمەڵگای کوردی بە ڕوانگەیەکی هاوچەرخانە خوێندووەتەوە، هەروەها زمانێکی هێمایی قووڵیشی بەکارهێناوە و بنیادی دەستەواژە و دەربڕینی گۆڕی، ئەزموونگەری و خوێنەر تێکەڵ بەو ئەزموونە نوێیە دەکات)...(٨)

چەندان توێژینەوەی تریش بۆ چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج لەلایەن نووسەرانی بواری گێڕانەوەناسیدا نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام من ئەوەندە نموونەی نووسینانەم هەڵبژارد وەك نیشاندانی چەند بۆچوونێك و هەڵسەنگاندنێك بۆ دنیای چیرۆکەکانی ع. سەڕاج، دەنا گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین، کە توێژەر و خوێنەرانی عەبدوڵڵا سەڕاج دەتوانن بیاندۆزنەوە، ئەمەش توانایی و گرنگی ئەو مامۆستایەمان بۆ دەردەخەن لە بواری ئەدەبی گێڕانەوەدا، چ چیرۆک و ڕۆمانەکانی، چیش نووسین و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکانی لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی دنیا و ئەدەبی کوردی و ڕا گرنگەکانی لە دیداربینییەکانیدا بۆ چیرۆکی کوردی و درکاندنی نهێنییەکانی ناو دەقەکانی خۆی و ڕاکانی لەبارەی تەکنیك و توخمەکانی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی کە بوونەتە چەندان کتێبی بە نرخ و سەرچاوە لە کتێبخانەی گێڕانەوەی ئەدەبی کوردیدا.

بارودۆخی کورد دوای ساڵانی حەفتاکان گۆڕانێکی سیاسی و دۆخێکی ئارامی بەسەر کورددا هێنا، ئەمەش وایکرد لە ئەدەبیشدا ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی هەبێت. ئەم بارودۆخە و سەقامگیرییە نوێیە، تەکانێکی تری دایە ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی و چیرۆکی کوردی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هات و چەندان چیرۆکنووسی

تـر هاتنـە نـاو دنیـای ئـەم ئەدەبـە و ئەوانـەی نـەوەی پێشـتریش هەندێکیـان وەکـو خۆیـان مانـەوە و خۆیـان دووبـارە دەکـردەوە و هەشـیان بـوو شـان بـە شـانی نـەوەی نـوێ هاتـە مەیدانـی نوێـکاری و وازی لـە شـێواز و تەکنیکـی کـۆن هێنـا و کەوتـە جووڵـە و بەخشـین، مامۆسـتا حوسـێن عـارف وەك پێشـتر ئاماژەمـان پێکرد بـەوردی پۆلینی چیرۆکنووسـانی دوای حەفتاکانـی کـردووە و لەم نووسـینەدا پێشـتر ئامـاژەم پێکـردووە، یەکێك لەو چیرۆکنووسـانە کـە بـەردەوام لـە خـۆ نوێکردنـەوە و ئەزموونگـەری بـوو (عەبدوڵـڵا سـەڕاج)ە کـە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـە تـەواوی لێـی دەدوێین، بـەڵام پێش ئـەوەی بێینە ناو دنیـای چیرۆکەکانی ئـەو پێـم باشـە کە بەرچـاو ڕوونییەك بخەینە بـەردەم خوێنـەران لەبارەی تەکنیـك و توخم و شـێوەکانی نوێکردنـەوەی چیرۆکـی کـوردی لە دوای سـاڵانی حەفتاکان و بـەدواوە کە خۆیان لـەم خەسـڵەت و جیاوازییانـەدا بەدیـار دەخەن:

١- پەیڕەونەکردنـی زنجیـرە ئاسـایی و تەقلیدییەکـەی گێڕانـەوە و تێکشـکاندنی زنجیـرەی گێڕانـەوە.

٢- گۆڕینـی زمانـی دەقەکـە، کـە بریتـی بوو لە لابردنی ڕسـتە و وشـەی زیـادە و بەکارهێنانی کورتبـڕی و هەڵبـواردن، واتـە ڕسـتەی کورتـی برووسـکەیی ئـەوەی کـە حوسـێن عـارف ناوی نـاوە (شـێوەی برووسـکەیی لـە دارشـتندا)، یـان بەکارهێنانـی شـێوەی نەبوونـی پێوەنـدی لە ناوێـن ڕسـتە و پەرەگرافەکانـدا. واتـە خۆدزینـەوە لـە درێـژدادڕی. هەروەهـا بەکارهێنانـی دایەلۆگـی کورتـی درامـی و دوورکەوتنـەوە لـە ڕاسـتەوخۆیی گوتـن.

٣- پەنابردنەبـەر ڕەمـز و هێـما و شـاردنەوە و سـوودوەرگرتن لـە ئەفسـانە و خورافـە و میتۆلۆژیـا و ئەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی.

٤- بەکارهێنانـی تەکنیکـە نوێکانـی چیـرۆک و ڕۆمانـی دنیـا و گواسـتنەوەی بـۆ نـاو ئەدەبـی کـوردی وەك: مۆنۆلـۆگ و بەکارهێنانـی مۆنتـاج و دیالۆگـی شـانۆیی و شـەپۆلی هـۆش و تەداعـی و فـلاش بـاك و باکگراونـد و گۆشـەنیگا و هێنانـی کۆتایی بۆ سـەرەتا و کۆتایی کراوە و دەیـان تەکنیـك و شـێوازی تـر کـە لـە ئەدەبی ئەوروپـی و فەڕەنسـی و ئەمریـکای لاتینیدا باوبوو.

٥- بەشـداریکردنی خوێنـەر لـە بونیـادی چیرۆکدا و بواردان بە کارەکتەر بۆ زیاتر خۆناسـاندن بە خوێنەر.

٦- گەیاندنـی وێنەیەکـی کاریگـەری هەڵچوونـی دەروون و کاریگەریـی دەروونیـی کەسـێتی چیـرۆک، بەتایبەتیـش لـە بەکارهێنانـی تەکنیکـی شـەپۆلی هۆشـدا کـە خـۆی لە دەرخسـتنی ناخـی کەسـێتی چیرۆکـەکان و خۆدوانـدن و دەرخسـتنی نـاخ بـووە مۆدیلێکی تـری چیرۆک،

چونکە جاران چیرۆکی کوردی تەنیا لە ڕوخساردا بوو و نەیدەتوانی بخزێتە ناو ناخی کەسێتی چیرۆکەکان.

٧- هێنانی بابەتی نوێ و جیاواز لە بابەتی هاوچەرخەکانی خۆیان و پێشتریشیاندا.

٨- گێڕانەوە و کارکردن بە نامەئلووف و بایەخ پێدانی کە خۆی لە هەموو لایەنەکانی نامەئلووف دۆزیوەتەوە وەك: نامەئلووفی گێڕانەوە و نامەئلووفی پەڕەگراف و ڕستە و دەربڕین و وشە، ئەمەش چیرۆکی کوردی خستە ناو مۆدیلێکی جیاوازتر لە پێش خۆی، واتە پێش سالانی حەفتاکان کە چیرۆک بە گێڕانەوەی ئاسایی جاران دەنووسرا.

٩- چیرۆکنووسین بە چەندان تەکنیك و شێوازی تری نوێوە وەك: خەون، نامە، چیرۆک لە ناو چیرۆک، چاپتەرکردنی چیرۆک و شێوازی وەستاندنی ڕووداو و بەکارهێنانی تەکنیکی پانتومایم و بەکارهێنانی مۆتیڤ و بەکارهێنانی پێشخەری و پێشبینی و چەندان تەکنیك و شێوازی تر.

١٠- لە کورتیلە چیرۆکیشدا گۆڕانێکی زۆر بەسەر جۆری نووسین و پەرەسەندنی لە تەکنیکی ئەم تەرزە نووسینەدا هات و شێوەی کورتیلەچیرۆکی دنیا بەردەوام لە نوێبوونەوە بوو تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەم جۆرە نووسینە لای هەر چیرۆکنووسێکی کورد کە نووسیویەتی ناوێکی لێناوە، تا دواجار هەموو لەوە کۆك بوون و ناوی (کورتیلە چیرۆک)ی دەقەبەڵ کرا و تا ئێستاش بۆتە چەشنێکی نووسینی چیرۆکی زۆر زۆر کورت، (عەبدوڵڵا سەڕاج) یش ناوی لێناوە (چیرۆکۆکە).



### باسی دووەم:
## نوێکاری لە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا

ع. سەڕاج وەك نوێکارێکی چیرۆکی کوردی دوای سالانی حەفتاکان شان بە شانی چیرۆکنووسە نوێکارەکانی

تـری کـورد توانیویەتـی خـۆی لـە کلێشـە و ناوەڕۆکی شـێوەی ئاسـایی، یـان جارانـی چیرۆکی کـوردی ڕزگار بـکات و پەیـڕەوی شـێواز و تەکنیکـی نوێـی چیرۆکـی کـوردی بـکات و سـوود لـە ئەزمـوون و تاقیکردنەوەکانـی چیرۆکنووسـانی دنیـا ببینـێ کـە لـە ڕێـی زمانـی عەرەبـی و فارسـی و تورکـی هاتنـە نـاو چیرۆکـی کـوردی، بـەڵام ع. سـەڕاج ئەزموونداتـر و شـارەزاتر بـوو، چونـك هـەم باكگراونـدی ڕۆشـنبیری خۆی و نووسـینەکانی لە بـواری چیـرۆك و ڕۆمان و تەكنیـك و زمـان و هونەرەکانـی تـری هەبوو و لـە لایەنی هونەرییەوە شـارەزای وردەکاری و هونەرەکانـی نووسـینی چیـرۆك و ڕۆمـان بـوو و چیـش بەهـۆی ئینگلیزی زانینـی و تورکی زانینەکەیـەوە، دەرفەتـی زیاتـری بـۆ ڕەخسـا کە بە فـۆرم و ناوەڕۆکـی نوێترەوە بەشـداری لە نەخشـەی نوێـکاری چیرۆکـی کـوردی بـکات و ببێتـە ناوێکی درەوشـاوەی دنیـای گێڕانەوەی کـوردی. ع. سـەڕاج بـەم تەکنیـك و توخمانـە جێگـەی خـۆی لـە بونیـادی چیرۆکـی نوێـی کوردیـدا چەسـپاند و توێـژەر و ڕەخنەگـر و خوێنەرانـی زیرەکی سەراسـیمای دنیـا گرنگەکەی خـۆی کـرد و توانـی وەك ناوێکـی هـەرە دیـار و لـە پێـش خـۆی بخاتـە نـاو لیسـتی هـەرە پێشـەوەی نوێکاریـی چیرۆکـی کـوردی.

## أ- پاڵەوان و کارەکتەری ڕۆشنبیر:

ئەگـەر سـەرنج بدەینـە دروسـتکردنی پاڵەوانـی سـەرەکی چیرۆکەکانـی عەبدوڵـڵا سـەڕاج، هەروەهـا چەندیـن کەسـێتی و کارەکتـەری تـری نـاو چیرۆکەکانـی دەبینیـن کە لـە هەندێك چیرۆکـدا تەنیـا یـەك کەسـێتی، یـان کارەکتەر، یـان پاڵەوانـی سـەرەکی چیرۆکەکـە هەیە، کە بـە ڕانـاوی (مـن)ی کەسـی یەکەمی تاك وەك کەسـێکی ڕۆشـنبیر و لە هەندێك چیرۆکیشـیدا هـەر خـۆی چیرۆکنووسـەکە، یـان کەسـێکی تـر لەسـەر زمانـی بگێـڕەوە، یـان حیکایەتخوانی چیرۆکەکـە دروسـت دەکات کـە چیرۆکنووسـە، ئەمـەش دەتوانیـن هـەم کەسـێتی (سـەڕاج) لەنـاو چیرۆکەکـەدا بدۆزینـەوە، هەمیـش کارەکتەرێکـی قسـەزان و ڕۆشـنبیر و هەندێـك جاریـش چیرۆکنـووس. لـە هەندێـك چیرۆکیشـیدا چەنـدان کەسـێتی تـر هـەن، هەندێکیـان کەسـانی سـادەی نـاو خەڵکـن و میللیـن، هەندێکیشـیان کارەکتـەری ڕۆشـنبیرن. لـە زۆربەی چیرۆکەکانیشـیدا کەسـە ڕۆشـنبیرەکان، جـا چ چیرۆکنـووس بـن، چیـش هـەر تەنیـا ڕۆشـنبیر بـن، تەماشـا دەکـەی ئاسـتی ڕۆشـنبیرییەکەیان ئەوەنـدە بـەرزە، خوێنـەر گومـان دەکات کە کەسـی ئاسـایی نـاو خەڵـك بـن، بۆیـە هەسـت بـەوە دەکەیـن کـە ڕەنگدانـەوەی رۆشـنبیری فراوانـی ع. سـەڕاج تەنانـەت لەنێـو کارەکتـەرە ڕۆشـنبیرە، یان نیمچـە خوێنـدەوار و فەریکە ڕۆشـنبیر و نووسەرەکانیشـدا بە زەقی هەسـت پێدەکرێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ماسـی)دا

کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بە کتێبی (الحلاج)ی دەستییەوە دەزانرێ کە خوێندەوارە و دواییش لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسێتییە سەرەکییەی چیرۆکەکە چیرۆکنووسیشە، چونکە لە کۆتایی چیرۆکەکە دەڵێ: (دەبێ چیرۆکێکی درێژتر بنووسم.. خۆ دوو دیناری خۆشم لەسەر دانا)(٩).

لە چیرۆکی (خۆراك)یشدا پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە خوێنەرە، چونکە هەر ئەو تاکە کارەکتەرە سەرەکییەی هەیە، ئەویش خۆی دەکا بە کتێبخانەیەکدا و بەدوای خۆراکی چاوەکانیدا دەگەڕێ کە چاوەکانی تێر دەبێت، ئەوجا لە کتێبخانەکەدا دەچێتە دەرەوە و سەندەویچێك دەبێتە خۆراکی دووەمی، بەمەش وەك لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ: (فەرامۆشییەکم هاتەوە. لەبەر خۆما وتم: هەرچۆنێك بێت، خۆ بە هەردوو خۆراکەکە گەیشت، خۆراکی لەش و گیان)(١٠). لەم چیرۆکەدا دەیان ناوی سیاسەتمەدار و فەیلەسووف و ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند خراونەتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکە لەوانەش: ماوتسیتۆنگ، مارکس، گیڤارا، مارکۆز، فرۆید، کۆڵن وڵسن، فانون.

لە چیرۆکی (سپی)یشدا باکگراوندی ڕۆشنبیری چیرۆکنووسمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کاتێ باسی مارکیزی سەرسوڕهێنەر دەکات و دوایی باسی ڕۆژنامەنقیسی ئەڵمانی (فیرتس راداتس) دەکات کە چاوپێکەوتنێکی مارکیز باس دەکات بەمەش خۆ ئاشکراکردنی چیرۆکنووسە لە خوێنەر و خوێنەر دەزانێ کە ئەوەی باسی دەکات بریتییە لە دەرخستنی ڕادە و زانیاریی ڕۆشنبیریی چیرۆکنووس. هەر لەم چیرۆکەشدا باسی پاپا و کاسترۆ و باری ڕامیاریی دەکات.

لە چیرۆکی (لەناو گەدەی نەهەنگێکدا)ش کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە کەسێکی ڕۆشنبیرە، باسی کتێب و ڕۆشنبیری دەکات، یانیش وەك لە لاپەڕە (٣٢٦)دا وەك دەڵێ: (یانیش کە چاو ئەدورمە کتێبەکانم)(١١). هەر لەم چیرۆکەدا ڕۆشنبیریی چیرۆکنووسمان بۆ ئاشکرا دەبێ وەك لە لاپەڕە (٣٢٧)دا باسی (شتراوس) و (گۆسمان) دەکات. لە چیرۆکی (لە چایخانەی مەچکۆدا)ش ڕۆشنبیری و ڕەنگدانەوەی کەسێتی چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەدا دەدۆزینەوە کە باسی خۆی و کتێبەکانی دەکات. لە چیرۆکی (ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو)شدا چیرۆکنووس خۆی لە کەسی سەرەکی چیرۆکەکەدا دەبینێ، کە خۆی چیرۆکنووسەکە و کەسی سەرەکی چیرۆکەکە و بگێڕەوەی چیرۆکەکەشە.

## ب- سوودوەرگرتن و مەزراندنی فۆلکلۆر و بەکارهێنانی لە نوێکاری چیرۆکدا:

بڕوا ناکەم هیچ چیرۆکنووسێکی کورد بە قەد عەبدوڵڵا سەڕاج توانیبێتی حیکایەتی


کوردی، نـەك هـەر تەوزیـف بـکات لـە چیرۆکـدا، بەڵکـو وەك تەکنیـك و نوێکردنـەوە و جوانکاریـش بیکاتـە شـێوازێکی جیـاواز و لـە هەمـوو لایەنێکـی نووسـین و گێڕانەوەشـدا چ لەسـەر شـێوەی حیکایەتخوانـی و چ لەلایەنـی دیالـۆگ و چ لـە شـێوەی وەسـف و چۆنیەتـی گێڕانـەوە و بەکارهێنانـی دابونەریـت و بیروبـاوەڕی کۆنـی کـوردەواری و پیـرۆزی ژمـارە و بـاوەڕی مرۆڤـی کـورد و میتۆلۆژیـا و بەکارهێنانـی پەنـد و ئیدیۆمـی کـوردی و هەمـوو ئـەم بابەتانـەی لـە حیکایەتـی گـوێ ئاگردانـی کـوردەواری هەیـە، بـکات بـە کەرەسـتەیەکی دەربڕیـن و چ لەسـەر شـێوەی گێڕانـەوە و داڕشـتنی ئـەم حیکایەتانە و چ دروسـتکردنی ئەم حیکایەتانـە لەلایـەن نووسـەر خۆیـەوە. واتـە جـاری وا هەیـە ڕووداو و گێڕانەوەکـە بیرۆکـە و تێـمای چیرۆکـی خۆیەتـی، بـەڵام بـە مەبەسـتی نوێـکاری چەشـنی شـێوە فۆلکۆرییەکـەی حیکایەتـی کـوردی دەبینووسـێ. لـە زۆربـەی چیرۆکەکانـی سـەڕاجدا کـەم تـا زۆر لایەنێکـی مەزراندنـی فۆلکلـۆر و لاسـایی کردنەوەی حیکایەتی کـوردەواری دەبینرێ، بەڵام چیرۆکیشـی هەیە سـەرلەبەری چەشـنی حیکایەتی کوردەواری داڕێـژراوە، بێگومان ئەمەش بە مەبسـتی نوێگـەری و جوانـکاری تەکنیکـە لـە چیرۆکـی کوردیـدا، بـۆ نموونـە لـە چیرۆکـی (هەبـوو نەبـوو)دا سـەرلەبەری چیرۆکەکە لەسـەر شـێوەی حیکایەتـی فۆلکلۆری داڕێـژراوە، تەنانەت ناونیشـانی چیرۆکەکـەش لـە سـەرەتای گێڕانـەوەی حیکایەتـی کـوردی وەرگیـراوە کـە جاران چیرۆکـی گـوێ ئاگردانیـان دەگێڕایـەوە، حیکایەتخـوان دەیگـوت: هەبـوو نەبـوو... ئینجـا حیکایەتەکـەی دەگێڕایـەوە، ئەگەرچـی ئەم ناونیشـانە تەنیا لە لای سـەڕاجدا بەکارنەهاتووە، بەڵکـو لای چەنـد چیرۆکنووسـێکی تریـش کـراوە بە ناونیشـانی چیرۆک، بەڵام لـەم چیرۆکەدا سـەڕاج هونەرییانـە ئـەم چیرۆکەی بـە ناونیشانیشـەوە سـوودوەرگرتنە لە فۆلکـۆری کوردی. چیرۆکنـووس پێـش ئـەوەی چیرۆکەکـەی بـە هەبـوو نەبـوو بگێڕێتـەوە سـەرەتایەکی تـری گێڕانـەوەی کردۆتـە بنیاتـی هونـەری و دەسـتپێکی چیرۆکەکـەی، لـەم دەسـتپێکەدا دەزانین کاتەکە بە تڵی یەکەمی شـەوە و کارای کارەکتەری سـەرەکی چیرۆکە، یان پاڵەوانی سـەرەکی چیرۆکـە ئەلـف و بێکـەی خـۆی دەخاتـە نـاو جانتاکـەی بەمـەش بـێ ئـەوەی چیرۆکنـووس کاری کەسـەکەمان پـێ بڵێـت دەزانیـن کـە پیشـەکەی مامۆسـتایە و ڕوو لـە چیرۆکنـووس، یـان حیکایەتخـوان دەکات کـە داوای مووچـە حەکایەتی شـەوانی دەکات، مەبەسـتی ئەوەیە کـە حیکایەتخـوان وەك مووچـەی شـەوانە حیکایەتـی بـۆ گێڕاوەتـەوە، ئەمەشـی بۆیـە وەها کردۆتـە دەسـتپێك تـا ڕاسـتەوخۆ چیرۆکەکە، یـان چیرۆکی شـێوەی حیکایەتەکـە نەگێڕێتەوە، بەڵکـو وا لـە خوێنـەر بـکات کـە جگـە لـە کارا کەسـێکی تریـش هەیـە شـان بـە شـانی کارا کارەکتـەری سـەرەکی چیرۆکەکەیـە و لـە هەمـان کاتیشـدا لەسـەر شـێوەی حیکایەتخوانـی

حیکایەتـدا بگێـڕەوەی چیرۆکەکـە، یـان حیکایەتەکەیـە و ئەمەشـی خسـتۆتە نـاو دیالۆگـەوە و لەنـاو یەکـەم دیالۆگـدا هەبـوو نەبووەکـە چەشـنی حیکایەتـی کـوردی دەکاتـە سـەرەتای گێڕانـەوەی چیرۆکەکـەی وەك دەڵـێ: (- ئحـم، ئحـم. هەبـوو نەبـوو لـە سـەردەمی زوو. کابرایەکـی زۆر دەوڵەمەنـد هەبـوو. خـوا بـەو پیـاوە تاکـە کوڕێکـی بەخشـیبوو.

**- بابە، ناوی چی بوو؟**

- کوڕە ناوی فەرەیدون بوو، مەتەڵەکەمان لەوێوە دەست پێ دەکات... تاد)(١٢).

دوای ئـەوە (دێـو و درنـج و حەزیـا) کـە لـە حیکایەتیـی کوردیـدا بڕواناکـەم حیکایەتێـك هەبووبێت ئەم گیانداره ئەفسـانەیی و خورافییانەی تێدا نەبێت، ئەویش بۆ بونیادی شـێوەی حیکایەتـی کـوردی کردوویەتـی بـە مەغـزا و هێـمای چیرۆکەکـەی. ئینجـا لـە چیرۆکەکـەدا ژمـارەی پیرۆزیـش دەخاتـە نـاو بونیـادی چیرۆکەکـەی وەك پیـرۆزی ژمـارە شـەش و حـەوت و نـۆ و چـل و ژمـارەی تریـش، بـەڵام سـەڕاج ژماره (شـەش) و (حـەوت)ی بەکارهێنـاوە وەك دەڵـێ: (باوکـی فەرەیـدوون حـەوت ژووری بـۆ ڕازاندبـۆوە و هـەر ژوورەی لـە تەرحێك و بە ڕەنگێـك، جـا شـەش کلیلی دابوویـێ و کلیلی حەوتەمینـی لەکن خـۆی گڵ دابۆوە...تاد)(١٣). ئـەوەی نووسـیمان بـۆ سـوودوەرگرتن لـە دیمەنـی حیکایەتـی جـاران و وردەکاریـی وەسـفی



حیکایەتیش هەر ڕاستە کە سەڕاج لەم چیرۆکەیدا دیمەن و وەسفی خستۆتە ناو گێڕانەوەکەی و لێرەدا ناوی (کارا)ش دەبا تا بیر خوێنەر بێنێتەوە کە ئەوە چیرۆکنووسە، یان حیکایەتخوانە کە چیرۆک - حیکایەتەکە بۆ کارا دەگێڕێتەوە وەك دەڵێ: (لە پشت لاشیپانەی دەرگاکەوە وێنەیەکی دی. کارا، نەبکەی و نەبخۆی هەر سەیری سای گەردەنی بکەیت، هەندە جوان دەبێ، هەندە جوان دەبێ هەروەکو پەری...)(١٤). ئینجا چیرۆکنووس سوود لە ڕووداو و کەسێتی فۆلکلۆرییانەی چیرۆکەکەی دەبینێ و لەناو ئەم ڕووداو و کەسێتی فۆلکلۆرییەش دیسانەوە پیرۆزی ژمارەش دووبارە دەکاتەوە کە لەناو ئەم ڕووداوە چەشنی فۆلکلۆرییەدا ژمارە (حەوت) چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە وەك دەڵێ: (ئاوی سارد دەپرژێنێتە ڕووی فەرەیدوون و بۆن سۆ بە لووتیا دێنێ. کوڕە دێتەوە خۆی. باوکی دەڵێ: من لەمە دەترسام. فەرەیدوون دەڵێ: ئیتر من لێرە حەوانەوەم نەما. هەر دەبێ خاوەندی ئەو وێنەیە بدۆزمەوە، ئەگەر لە کەشکەلانی فەلەکدا بێت یان لەژێر حەوت نهۆمی زەوی. باوکە، دەستێکی کەوتە ئەم لاو دەستێکی کەوتە ئەو لاو زانی کار لە کار ترازاوە و هەر ڕەنجێکیش بدات، بۆ ساردکردنەوەی، بە یادی هەوا دەچێت. بۆیە دەستی بەسەریا هێنا و گوتی: (کوڕی شیرینم، چیت لێ بشارمەوە، ئەوەی دیتت کچی شای پەرییانە وا لە قەڵای گەوهەریندا کە ڕێگەی هات و نەهاتە. لێرەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت ڕۆژە). کارا، بە نەرمییەوە دەنگی هات خۆ بابە، هەمووی هەر حەوتە، ئەمڕۆکە منیش دگانی حەوت ساڵەم کەوت...تاد)(١٥).

چیرۆکنووس هەموو بونیادەکانی حیکایەتی کوردی پەیڕەو کردووە تەنانەت، بیروباوەڕی کۆنی کوردەواری و ڕێگای هات و نەهاتی چارەنووسساز و میتۆلۆژیا و چەشنی حیکایەت بەسەر هیچ بونیادێکی حیکایەتی کوردیدا بازی نەداوەو لە بیری نەکردووە تەنانەت پرسیاری فەلسەفی گەردوون و چارەنووسی مرۆڤی کورد و وەرگرتنی مۆتیڤی فۆلکلۆریش وەك ئەم مۆتیڤە فۆلکلۆریانە: (دیتی وا لقەدارێك چەقیوە لە ورگی دێوێك کە هەندەی شاخێك دەبێت! باشە کارا، تۆ بوویتایە چیت دەکرد؟!)(١٦). یان ئەم مۆتیڤە: (فەریدوون لاوێکی چاکەخواز و میهرەبان بوو، کۆششێکی زۆری دا و دێوەکەی لەو گرفتە ڕزگار کرد... حەوت مووی دایێ بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا بیانسووتێنێ...)(١٧). لە ئەفسانە و حیکایەتی کوردیدا بەکارهێنانی موو و سووتاندنی لە کاتی تەنگانەدا یەکێکە لەو میتۆلۆجیایانەی کورد، تەنانەت لە مووەکانیشدا ژمارە (٧)ی بەکارهێناوە، چونکە دێوەکان حەوت برا بووینە و حەوت ساڵ بەڕێوە دەبێت و سێ مەرج و مەنجەڵ چێشت و لادانی بۆ ئەشکەوت و کەوشی پۆلایینی پاڵەوانی حیکایەت و نەڕەی ورچ و ڕفاندنی پیرێك

لەلایەن ورچەکەوە و لێدانی تیرێك و ڕزگارکردنی پیرەکە و ئەویش دوای ڕزگارکردنی ئەنگوستیلەیەکی پێشکەش فەرەیدوون کرد، نقێمەکەی کوژەکەیەکی تەلیسمدار بوو، ئینجا کار و تەلیسم و توانای ئەو ئەنگوستیلەیە کاتێ دەست بە نقێمەکەیدا دەهێنێ چی بوێ بۆی دێتەدی، ئینجا مەرج کە دەبێ فەرەیدوون بە یەك شەو حەوت مەنجەڵ چێشت بخوات کە مەرجی یەکەمی شای پەرییانە بۆ فەرەیدوون، ئینجا بە یارمەتیدانی مێروولە لەشکری مێروولە لەو مەرجە ڕزگاری دەکەن. بێگومان سەڕاج لەم چیرۆکەدا هەرچی لە چیرۆکی حیکایەتی گوێ ئاگردانی کوردیدا هەیە، هەرچی لە ئەفسانە و خورافە و سەیر و سەمەرەی کوردەواری و فۆلکلۆری و حیکایەتی کوردیدا هەیە دەیخاتە ناو بونیادی گێڕانەوە چەشنی حیکایەتی کوردی و فانتازیایەکمان لەم چیرۆکەدا لە بونیادی سەیر و سەمەرە و عاجباتی و فانتازیای کوردی بۆ دەخاتە ناو ئەم چیرۆکەوە، دەتوانین بڵێین کە تاکە چیرۆکنووسی کوردە لە یەك چیرۆکدا ئەم هەموو بونیادە لە فۆلکلۆر و حیکایەتی کوردی وەربگرێت و چیرۆکێکمان بۆ دروست بکات کە هەرچەندە لە ئەفراندنی نووسەر خۆیەتی، بەڵام ئەگەر بۆ تەکنیك و هونەرکاریی و جوانکاری و نوێکاری چیرۆکی کوردی نەبێت، خوێنەر ئەگەر ناوی سەڕاجی بە سەرەوە نەبێت، لە شوێنێکدا بیخوێنێتەوە، پێی وایە ئەوە حیکایەت و ئەفسانە و خورافەی گوێی ئاگردانی کوردەوارییە، بەڵام ئەو وەك تەکنیك و بۆ نوێکاری و جیاوازی نووسینی سەڕاج و تەنانەت وەك شێوازیش بەم تەرزە مەزراندنە بناسرێتەوە. لە زۆربەی چیرۆکەکانی سەڕاجدا کەم تا زۆر ئاماژەیەك، گەڕانەوەیەك، پشت بەستن بە لایەنێکی فۆلکلۆر و میتۆلۆجیا هەیە، ئەمانەش هەمووی چ بە مەبەستی ناوەڕۆك و مەرامی چیرۆکنووسە و چ بۆ مبەستی تەکنیك و جوانکاری چیرۆکەکە و نوێکارییە.

لە چیرۆکی (لێخنبیر)دا کە لە هەردوو وشەی (لێخن) و (ڕۆشنبیر) تێکەڵ کراوە و بە مەبەستی پەیامێکە بۆ بە دیارخستنی لایەنی تاریکی هەندێك بەناو ڕۆشنبیری کورد کە بیری لێخنە و بووەتە خۆفرۆش و پیاوی دەسەڵات و جاسووس و پیاوخراپ، لەجیاتی ئەوەی ببێتە پەپوولە دەبێتە گورگ و سەگسار. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس سوودی لە حیکایەتی فۆلکلۆری و خورافەی کوردی و میتۆلۆجیا وەرگرتوو و کردوویە بە هێما و ئەودیوی شاراوەی دەقەکەی. کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە کە لێخنبیرەکەیە، شاری جاڵجاڵۆکان بۆ سەگساری دۆناودۆن پێکردووە. بەمەش ئەم دۆناودۆنە کە میتۆلۆجیایە دەکاتە پاڵپشتی دەربڕینەکانی، هەروەها چەشنی حیکایەتی کوردی کەسی سەرەکی چیرۆکەکەی دەکاتە شای دارستانان، کەچی شێر بچووکی دەکاتەوە و دەبێتە گورگ و

سیخوڕ، ئەوەش هەم بۆ مەبەستی هێما و هەمیش بۆ نوێکاری لە چیرۆکدا بەکاری هێناوە، ئەمەش دۆخ گۆڕینی کەسی سەرەکییە لە چیرۆکەکەدا، دەبێتە گیاندار و دڕندە، دوایی دۆخی دەگۆڕن و دەگەڕێتەوە بنیادەمێکی ئاست نزم وەك دەڵێ: (ڕوخساری گەڕایەوە ناو ئاوێنەکە، ئۆقرەی نەگرت و بەخۆی گوتەوە: (ئەڵبەتە هیچ زیندەوەرێکم لە مێشکدا نەبووە، بۆیە شای جاڵجاڵۆکان، بۆ سەگساری دۆنای دۆنی پێکردم) چاوقایمانە دانوشتایەوە بەردەکەی هەڵگرت)(١٨).

لە چیرۆکی (ئاوێنە)شدا سوودی لە میتۆلۆجیا وەرگرتووە و (خدری زیندە)ی مەزراندووە و لە میتۆلۆجیای جیهانیشدا (نەرسیس)ی باس کردووە. هەر لەم چیرۆکەدا بیروباوەڕی کۆنی کوردەواری و جنۆکە، یان لەمەچێتر، ئەو (ئەوانگەل)ی گەرمیانی بەکارهێناوە کە لە زۆر سەیرکردنی ئاوێنەدا گوتراوە وەك دەڵێ: (وشەکانی نەنکم لە گوێمدا تۆمارە. دەیوت: ئەوی زۆر سەیری ئاوێنە بکات، ئەوانگەل دەپەڕنە سەری و...)(١٩).

لە چیرۆکی (گەڕان بە دوای....)دا میتۆلۆجیای ئادەم و حەوای مەزراندووە: (سەرسامیی ئادەم -مارەکە ناوقەدی درەختەکە دەڕازێنێتەوە- حەواش بێزووی سێوێکی لاسوور دەکات)(٢٠).

لە چیرۆکی (بێ ژێر بێ)شدا لەسەر شێوەی حیکایەتی کوردی، حیکایەتێك دەگێڕێتەوە کە بۆ مەبەستی هێما و نوێکاری دەیخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەکەی وەك دەڵێ: (با لە ساکارەوە بۆی بچم، حیکایەتێکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە.. جارێکیان.. (بوون بە گوێ) هەبوو نەبوو، کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەسیش لە پەڕەسێلکە درۆزنتر نەبوو...)(٢١).

نموونەی تریش لە چیرۆکەکاندا زۆرن، بەڵام ئەگەر هەموویان باس بکەین و یەکە یەکە ئەم تەوەرە لە چیرۆکەکانی سەڕاجدا هەموو نموونەکان بخەینە ڕوو باسێکی تایبەتی سەربەخۆی پێویستە.

## ج- میتاچیرۆک وەك شێوازێکی نوێی دنیا و بایەخپێدانی لای سەڕاجدا:

ع. سەڕاج وەك چۆن لە ڕۆمانەکانیدا لە بەکارهێنانی میتارۆماندا لێهاتوو و دەستپێشخەر و کارامەیە، لە چیرۆکەکانیشیدا ئەم هونەرەی بە جوانی تاقی کردۆتەوە و تیاشیدا سەرکەوتووە، چونکە ئەم شێوازە، یان ئەم تەرزە نووسینە وردبینی و توانایی و زانینی دەوێ، بەڵام سەڕاج خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لەم بوارەدا. لە چیرۆکی (ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو)دا، چیرۆکنووس کەسی سەرەکی چیرۆکەکە و (من)ی بگێڕەوەی

چیرۆکەکە تێکەڵ یەکتر دەکات، لەبەر ئەوەی خۆی دەڵێ (کە خۆم لەودا دەبینم) کاتێ کە وەك نووسەر قسە لەگەڵ خوێنەردا دەکات، هەروەها وەك چیرۆکنووسیش قسە لەگەڵ کەسی سەرەکی چیرۆکەکە دەکات، ئەمەش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی میتاچیرۆک وەك دەڵێ: (جیاوازیمان ئا لێرە دایە. ئەمن دەق بە پێچەوانەی تۆوە ئاماژە بۆ بارێکی دیکە دەکەم و بە هەڵەشەیی ناوی لێ نانێم و گێلانەش زاراوەی بۆ ناتاشم. جا با لە نووکەوە بۆی بچم. قسەی خۆمان بێت، جارێك و دووان پیا دەچمەوە و تێکەڵاوی هەیە لە نێوان کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە و مندا، چونکە خۆم لەودا دەبینم و ئەویش لە سەردەمێکدا، منێکی بەدبەخت بووە. سەرەتای چیرۆکەکە لەوەوە سەری هەڵدا کە...)(٢٢). یانیش کاتێ وەك چیرۆکنووس لەگەڵ خوێنەر دەدوێ و خۆی بە خوێنەر دەناسێنێ و گفتوگۆ و ڕوونکردنەوەش دەداتە خوێنەر و خۆی وەك کەسێکی سەرسپی دەناسێنێ ئەمەش سەرڕاج خۆیەتی وەك دەڵێ: (لێرەدا بەسەرهاتی بایز کۆتایی هات. ئەمنیش دوایی بە چیرۆکەکەم دێنم تکایەکم هەیە لە تۆی خوێنەر، لە پاشە ملمدا، نەڵێی: کاکی نووسەر بە ڕۆژی نیوەڕۆ چەواشەم دەکات و بە وشە دەیەوێ بمانهاوێتە ناو تەنی جاڵجاڵۆکەوە، چونکە سەری خۆی سپی بووە و داکۆکی لەسەر چەرمووان دەکات. لەوانەیشە بفەرموویت: ئەمە کەی چیرۆک بوو؟...)(٢٣).

لە چیرۆکی (چیرۆکنووس)یشدا تەواو میتاچیرۆکی بەکارهێناوە، وەك لە سەرەتای چاپتەری دووەمی چیرۆکەکەدا خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و لە هەمان کاتیشدا باسی هونەرکاریی و تەکنیکی چیرۆکەکەی دەکات و نیشانەی ناسینەوەی کەسێتی خۆیشی کە سەر چەرمووەکەیەتی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و دڵنیای دەکات کە ئەوە سەرڕاجەکەی لەمەڕ خۆمانە، خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و باسی هونەرەکانی چیرۆک بەگشتی و تەکنیکی چیرۆکەکەی خۆی دەکات وەك دەڵێ: (ئەو سەر چەرمووەی دەیەوێ (چیرۆک) بنووسێت منم کە لە حەڤدەی مانگی یەکەمی ئەم ساڵەدا، بەندەی بە ئێوە ئاشنا کرد. وەلێ ئەوەی نووسیومە، چیرۆکە و چیرۆک نییە. بێگومان گەوهەری چیرۆک هەڵوێستەکەیەتی بۆیە لاوەکییانە گوێم داوەتە شیرازەی سەرەتا و گرێ، یان ترۆپك و کۆتایی. گرێ ئاوێزانی ڕستە و وێنەکانە. ترۆپکیش بە پەنهانی وا لەناو گشت هەستەکاندا. قسەکردن و دیالۆگ نییە لەبەر ئەوەی کەس متەقی بۆ نەکرا...)(٢٤).

لە چیرۆکی (مام وسوو)شدا بە تەواوی پەیڕەوی شێوازی میتاچیرۆکی کردووە و هەر لە دەستپێکی چیرۆکەکەوە کە چیرۆکنووس، واتا سەرڕاج خۆی بگێڕەوە و چیرۆکنووسە و چیرۆکنووسێکی تر دەئافرێنێ و فێری دەکات ك سەرەتای چیرۆکەکە وا بنووسێت، واتە

فێری چیرۆکنووسیی دەکات و سەرەتای چیرۆکەکەشی بۆ دیاری دەکات و لە هەمان کاتیشدا فێری بەکارهێنانی پەراوێزی دەکات وەك دەڵێ: (باران دەبارێ دەبوایە سەرەتای چیرۆکەکە بەو ڕستەیە دەست پێ بکات.. دەبوایە ژمارە (١)ی لە پاڵ دابنێم و لە پەراوێزەوەش، بە چەند دێڕێك پەنجەی بۆ ئاڕاستە بکەم..)(٢٥). ئینجا چیرۆکنووس فێری چیرۆکنووسەکەی ناو چیرۆکەکە دەکات کە وا بنووسێ و ڕستەکە دادەڕێژێ کە خۆیشی دارشتنی چیرۆکەکەیە و بەشێکە لە گێڕانەوەی بگێڕەوەی چیرۆکەکە، ئینجا باسی کۆتایی چیرۆکەکە دەکات کە دەبوایە وابینووسیایە، ئینجا دەڵێ: (لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا ویستم مام وسوو لادەم و لە جێگاکەی بنووسم چیرۆکی پەراوێز...)(٢٦). ئینجا باسی پێشەکی نووسینی چیرۆکەکە دەکات و دەبێتە کەسێکی ناو چیرۆکەکە و وەك چیرۆکنووس و چیرۆکنووسی ناو چیرۆکەکە لەگەڵ مام وسوو قسە دەکات و پێدەکەنێ و مام وسوو زەردەبزەیەکی هەڵوەراند و خۆی لێ گێل دەکات. لە کۆتا بەشەکانی چیرۆکەکەشدا لەگەڵ خوێنەر دەدوێ و خۆی لێ ئاشکرا دەکات، ئەمەش سیمایەکی میتاچیرۆکە: (منیش لەبەر ئەوەی سەری تۆ نەیەشێنم لە کەلی شەیتان دابەزیم و...تاد)(٢٧)، یان کە دەڵێ: (بەڵێ لە گەڵتانم کە ناوەڕۆك شتی وای دەوێ)، یاخود وەك دەڵێ: (ئەم مام وسووە ڕەمەکییە، سەبارەت بە هەڵەشەیی خۆی تۆشی لە ناوەڕۆکەکە کرد)(٢٨). لە بواری میتاچیرۆکدا، سەڕاج بایەخێکی زۆری بە چیرۆکەکانی داوە و دەشتوانم بڵێم پێش هەموو چیرۆکنووسانی کورد کەوتووە، چونکە ئەو شارەزایە و لە هونەری چیرۆکنووسیشدا ئەزموونی زۆرە، بۆیە تەنیا باسی ئەو چەند نموونەیەمان کرد، لەبەر ئەوەی هەر لایەنێك لەم لایەنانەی کە لە چیرۆکەکانی ع. سەڕاجدا لێیان دەدوێین ئەوە دەهێنن کە بکرێن بە تەوەرە و باسی سەربەخۆ و بە دوورودرێژی لێیان بدوێین.

## د- بەکارهێنانی مۆتیڤ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیدا:

لە هەندێك چیرۆکیدا سەڕاج بۆ گێڕانەوەی تێمای چیرۆکەکەی بە شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی جاران نانووسێ، بەڵکو پشت بە چەند مۆتیڤێك دەبەستێ و لێکیان دەبەستێتەوە و شان بە شانی تەکنیك و شێوازەکانی تری چیرۆک پەرە بە جوانکاری و هونەرکاری چیرۆکەکەی دەدات. لە چیرۆکی (بە خەلوزیش نیگار دەکێشرێت)دا دیمەنی وێنەداری پڕ لە مەبەستی دروست کردووە، کە دەکرێ وەك مۆتیڤ لە چیرۆکەکەدا ببینرێت، بۆ نموونە ئەم مۆتیڤەی کە بۆ هێما و مەبەست داناوە کە کەسانی شۆڕشگێڕی دنیا و عەرەبی لەناو مۆتیڤەکەدا دەکاتە دەربڕینی ئەم دیوی چیرۆکەکە و جیهانبینی خۆی


لەناودا دەردەبڕێ و دەیداتە دەست خوێنەر وەك دەڵێ: (دەمیش لە گیڤارا و کەنافانی و هۆشی منە دەسوێ...)(٢٩). لەم چیرۆکەدا گێڕانەوە، بە دیمەن و بەش بەشە، کە (٧) دیمەن هەیە، ئەم دیمەنانە وەك مۆتیڤ خراونەتە ناو گێڕانەوەکە، هەر دیمەنێك بۆ خۆی مۆتیڤێکە و وەك چیرۆکی جیا جیا لەوانی تر جیان و پێکەوەش دەبن بە تێماو بونیادی چیرۆکەکە.

لە چیرۆکی (س)دا سەڕاج ئەگەرچی سوودی لە بابەتێکی شێخ مارف بەرزنجی وەرگرتووە (لە ئەلفەوە تا یێ هەموو شتێکی لێ پێك دێ) کە دوایی لە ئەزموونی سەڕاجدا باسی دەکەین، بەڵام مۆتیڤێکی لە ژیانی لەتیف حامید بەرزنجی وەرگرتووە و کردوویە بە بونیادی گێڕانەوەکەی(٣٠).

هەروەها لە چیرۆکی (بارام ناوێك هەبوو)شدا کاری بە مۆتیڤ کردووە، ئەو لەم چیرۆکەدا خۆی لە سێیانەی مۆپاسانی جاران ڕزگار کردووە (سەرەتا، گرێچن، کۆتایی)، دەتوانم بڵێم لای چیرۆکەکانی سەڕاج نەماوە، بەڵکو چیرۆك لای ئەو بەتایبەتیش ئەم چیرۆکەی لە چەندان مۆتیڤ پێکدێت و بەناو یەکتردا دێن و دەچن و تێکەڵ یەکتر دەکرێن، لە هەندێك ئەم مۆتیڤانە دەکەونە ناو ناونیشانە لاوەکییەکان و لەم چیرۆکانەشیدا کە یەك بین نووسراون، دیمەن دوای دیمەن دەبن بە مۆتیڤ و لەنێو زمانە شیعرییە تایبەتەکەی سەڕاجدا یاری لەفزی و هونەری لەگەڵ خوێنەردا دەکەن، کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا گوتاری مانا، پەیام و جیهانبینی دەق دەگەیننە خوێنەری شارەزا و ڕۆشنبیر واتە ع. سەڕاج چیرۆک بۆ خوێنەری دەستەبژێر دەنووسێ.

## هـ- فانتازیا و خەیاڵ وەك پێکهاتەی نوێکاریی لە چیرۆکدا:

سەڕاج هەموو جۆرەکانی فانتازیا بەکاردێنێ، هەندێك جار ئەم فانتازیانە تێکەڵ خەیاڵی بەرزەفڕی چیرۆکنووس دەبن و لە هەندێك چیرۆکیشدا پشت بە ئەفسانە و خورافەی دنیا و کوردی دەبەستێ کە چەشنی فۆلکلۆرییەکەی خۆی دروستی دەکات و دەیخاتە ئاستی



سـەرووی واقیـع و شـێوەی سەیروسـەمەرە و عاجباتـی لـێ دروسـت دەکات. لـە چیرۆکـی (لـە گازینـۆی پەرلەمانـدا) دەمانباتـە نـاو فانتازیـای دیمـەن (چەنـد کەللەسـەرێك لـە یـەك نزیـك بوونـەوە، لێوێکیـش بـە ئاسـتەم بزوا، لـە ناکاو چاوەکان بوونە نیشـانەی سەرسـوڕمان و پرسـەك)(٣١).

لـە چیرۆکـی (دانپیانان)یشـدا فانتازیای دیمەن دروسـت دەکات، چونکە چیرۆکەکە خۆیشـی سـوودی لە سینەما و تەکنیکی سـیناریۆ وەرگرتووە کە بریتییە لە دروسـتکردنی دیمەن وەك: دواییـن دیمـەن، دیمەنـی ناوەنـدی، دیمەنـی یەکەم، لەنـاو دیمەنـی ناوەندیـدا. مەنارەکەی خانەقای شـاری هەولێـر، دەبەنە بەردەم دادگا لێرە مەنارەکـە دەکاتە بوونەوەرێك، هەروەها حاجـی لەقلەقەکـە ئەوەنـدە بەرز دەبێتەوە دەبێتە بەشـێك لە ئاسـمانی هەولێـر وەك دەڵێ: (چونکـە شـوێنەکە هەرمێنـە و... ڕۆژی ڕووناکـە حاجـی لەقلەقـە باوەکە، بەرزبـۆوە... بەرز بـۆوە.. بـەرز بـۆوە، لـە چـاوان ون بـوو.. تـاوا.. تا.. وا.. یـە...وە بووە بەشـێك لە ئاسـمانی ئەو هەولێـرە کەونـە.. ئاسـمان... ئـاس.. مان.. مان. مـان.. ن ن ن.. مان و نەمـان ن ن ن)(٣٢).

لـە چیرۆکـی (کۆمەڵگـەی ئاسنین)یشـدا سـەرلەبەری چیرۆکەکـە لەنـاو فانتازیـا و خەیـاڵ و دیمەنـی فانتـازی و سـەیر و سـەمەرەدا غـەرق بـووە. لـەم دیمەنـە فانتازییـەدا کـە دیمەنـی شـارەکە ئەوپـەڕی دیمەنـی فانتازییایـە وەك دەڵێ: (جا شـارەکە دیمەنێکـی ڕەنگینی هەبوو. زەلامێکـی سـەوز منداڵێکـی سـووری بـەدواوە! مرۆڤێکـی ڕەنگاو ڕەنـگ ژنێکـی ژەنگاویی لە پێـش!! زۆری واشـم دی دەسـتێك، یـا پایەکـی ناتـەواو بـوو)(٣٣). هـەر لـەم چیرۆکـەدا کـە هەمـوو فـەزا و دیمـەن و گێڕانـەوە و تێـمای چیرۆکەکـە لەنـاو فانتازیا و خەیـاڵ و خورافەدا داپـۆشراوە، چیرۆکنـووس لەوپـەڕی فانتازیـادا شـارێکی خەیاڵکـراو دروسـت دەکات کـە خەڵکەکـە و شـتەکانی جیـاوازن لـە واقیـع و کەسـانی ئـەم شـارە لـە ئاسـن و مـس و پۆڵان و خواردنـی شـارەکەش ئاسـن و مـس و فافۆنـە. لـەم شـارەدا، لـە کونجێـکا بـە سـاڵاچوویەکی پەککەوتـە خـۆی لـێ مـەڵاس دابـوو کـە خەڵوەکێشـە و خێرخواکانیـش لـەم شـارەدا چەنـد دڵۆپێـك بەنزیـن دەدەن بـەو خەڵوەکێشـە کـە ڕۆژێ بورغویەکـی کاتژمێـر دەخـوات و خێرخـواکان خوایـان ئـەو کەرەسـتانەیە کـە دەیخـۆن دوا پرسـیاریش لـەم چیرۆکـە ئەوەیـە کـە لـە چیرۆکنـووس کردوویەتـی بـە پرسـیار لـە پیرەمێردەکـە و وەڵامەکەشـی بـۆ خوێنـەر جێهێشـتووە لـە کۆتاییەکـی کـراوەدا وەك دەڵـێ: (لـە هەمووشـی گرانـتر، دەرفەتـی ئـەوەی نـەدام کـە لـەو پیرەمێردەکـە بپرسـم بۆچـی ئـەو نەبووبـوو بـە ئاسـن؟)(٣٤). ئـەم چیرۆکـە پڕیەتـی لـە دیمـەن و ڕووداو و ڕسـتە و پەڕەگرافـی سەیروسـەمەرە و ئـەم کۆتاییـەش وا لـە خوێنەریـش دەکات کـە بپرسـێت بۆچـی لەم شـارەدا هەمـووان بوونەتە ئاسـن و مس و پۆڵا،

تەنیا ئـەو بەسـاڵاچووە خەڵوەتکێشـە لە کونجێکـی شـاردا دەژی و نەبۆتە ئاسـن، ئەمەش وا دەکات کـە خوێنەریـش تێکەڵـی نـاو فانتازیـای چیرۆکەکـە بێـت و وەڵامێك، یـان کۆتاییەکی فانتـازی بـۆ چیرۆکەکـە دابنێت، ئەگـەر خوێنەرە زیرەکەکە بـڕوای بە دانانـی کۆتایی چیرۆک هەبوو.

لە چیرۆکی (کانییەکەی زاموا)شدا لەسەر شێوەی ئەفسانە و خورافەی کوردی کە سەرەتاکەی وەك شـێوەی حەقایەتخوانـی جـاران، بە هەبوو نەبوو لە زامواداا، بە خەیاڵ دەکاتە شـوێنێکی خەیاڵکـراو تـا بیکاتـە هێـما بۆ تێـمای چیرۆکەکـەی، چونکـە ڕووداوەکانـی نـاو چیرۆکەکە لە سـەروو واقیعەوەیـە و بـە عاجباتـی دەچێـت، چونـك کانیەکـە لـە چـاوان ون دەبێـت لبـەر ئـەوەی ئەژدیهایـەك کـە لـە ئەفسـانەی کوردیـدا هێـمای شـەڕانگێزییە بینـی بـە کانییەکەوە دەنێـت و کەسـێتی سـەرەکی چیرۆکەکـەش کانییەکـە وەك بوونەوەرێـك دەخوڵقێنـێ و وەك گیانـی لەبـەردا بێـت هـاوار دەکات و لالانەوەی لێ دەبیسـتێ (ئا بەم گوێیانـەی خۆم، هاوار و لالانـەوەی کانییەکـەم بیسـت. ئەژدیهاکـەش دەیهووشـاند و لـە دەم و کەپوویـەوە، بڵێزەی ئاگـر دەردەچـوو!!)(٣٥). لـە کۆتایـی چیرۆکەکەشـدا کانییەکـە وەك هێمای ژیـان و مانەوەی میللەتێـك کـە لـەم چیرۆکـەدا هێـمای خاپوورکردنی کوردسـتانە لەلایـەن ڕژێمـی دیکتاتۆری عێـراق و دەمانخاتـە ناو هاوکێشـەیەکەوە کـە ئاخۆ دەبێ لە ڕووی فیزیکییـەوە کانییەك، یان میللەتێـك ژیانـی لێ بسـەنرێتەوە ئەمەش دروسـتکردنی دیمەنێکی سەیروسـەمەرەییە کە لە کەرەسـتەی ئەفسـانەی کوردیـدا وەك بەکارهێنانـی هێماکانـی شـەیتان، ئەهریمـەن، دڕنـدە، ئەژدیهـا، بۆنـی سـێوی کـوڵاو کـە هێـمای کێمیابارانکردنـی کوردسـتانە، کانـی، گەردەلـوول، دەعبـا... تـاد. ئمانخاتـە نـاو تەشـقێکی ئەفسـانەیی و لـەم چیرۆکـەدا بـە مەبەسـتی تەکنیـك و جوانکاریـش لـە گێڕانـەوەی ئاسـایی جـاران دوورمـان بخاتـەوەو نوێکاری خـۆی بگەیەنێتە خوێنـەری زیـرەك. لـە چیرۆکـی (کڵاو)یشـدا (سـین)ی کەسـێتی سـەرەکی چیرۆکەکـە کڵاوی سـەخرەجنی دەخرێتـە سـەر کـە کڵاوێکی خودی سلێمان پێغەمبـەرە و سـیحرئامێزە، چونکە کاتـێ لەسـەر دەکـرێ لـە پێش چاو ون دەبێت، ئەمەش پشـت بەسـتنە بە خورافـەی کوردی، لـە هەمـان کاتیشـدا پێوەندی بـە میتۆلۆجیـاوە هەیە.

ع. سـەڕاج لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا پشـت بە فانتازیا و ئەفسـانە و خورافە و سەیروسـەمەرە و عاجباتی کوردی دەبەسـتێ، لەگەڵ ئەمەش لە زۆر چیرۆکی تریشـیدا سـوودی لە ئەفسـانە و سەیروسـەمەرەی دنیا و میتۆلۆجیا و خورافە و تەنانەت فانتازیای دنیاش بەسـتووە، یانیش خـۆی بـە خەیاڵـی خـۆی چ لەسـەر شـێوەی ئەفسـانە و خورافـەی دنیـا و چ لەسـەر شـێوەی فانتازیـای چیرۆکنووسـانی دنیـا هەمـوو شـێوەکانی فانتازیا لـە چیرۆکەکانیدا خۆی دروسـتی

دەکات، هەندێك جاریش لە چیرۆکی دنیا و میللەتان و ئەدەبی جیهانیدا وەری دەگرێت و دەیکوردێنێ، واتە بیرۆکە فانتازییەکە وەك خۆی ناخاتە ناو چیرۆکەکەی، بەڵکو وەك بیرۆکەیەك وەری دەگرێت و شتێکی نوێتر و جیاوازتری لێوەردەگرێ. دەبێ ئەوەش بڵێم کە عەبدوڵڵا سەڕاج، لە بەشێکی گرنگی نوێکاری و ئەزموونگەرییەکەیدا پشت بە فانتازیا و ئەفسانە و خورافە و خەیاڵ دەبەستێ و دەیکاتە بونیادی نوێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی کە لەگەڵ چیرۆکنووسانی تری کورد جیاواز و بەڵکو لەم بوارەدا شۆڕەسوار و کارامە و لێهاتووە و خۆی لە نەوەی خۆی و پێشتری خۆیشی جیاکردۆتەوە و بۆتە بەشێك لە بونیادی چیرۆکەکانی و بنەمایەکی پتەو بۆ جوانکاری و نوێگەری و ئەزموونگەریی چیرۆکەکانی.

سەڕاج مەبەستی نییە لە چیرۆکەکانیدا تەنانەت لە ڕۆمانەکانیشدا واقیع وەکو خۆی فۆتۆکۆپی بکات و بیگوازێتەوە، چونکە ئەم جۆرە نووسینە لە چیرۆکنووسیدا تەنانەت چیرۆکنووسی ئاست نزمیش دەتوانێ بیکات، بەڵام ئەو واقیعەکە ئەوەندە جوان دەکات و بەرگێکی هونەری پڕ لە خەیاڵ و فانتازیای بە بەردا دەکات، ئەگەر خوێنەر لە واقیعیشدا دیبێتی، دەزانی لای سەڕاج گۆڕاوە و جۆرێکی ترە و هونەرە، یان کارێکی هونەری بەرزە، چونکە هونەریش وەکو پروست دەڵێ: (بریتی نییە لە پیشاندانی واقیعی بەردەست، یان گوزارشت کردن لە هەندێ هزری پێشینە، بەڵکو دووبارە داهێنانەوەی واقیعە بە گواستنەوە و دانانی لە ئاستی خەیاڵ و دەربڕین و شێواز)(٣٦). فانتازیا و خەیاڵ لای ع. سەڕاج ئەوەند بەکارامەیی ئیشی بۆ کراوە، خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و بڕوای پێ دێنێت و چێژ و جوانی دەخاتە ناو دەقەکەوە.

## و- زمان وەك تەکنیك و بونیادی نوێکاری چیرۆك:

سەڕاج لە هەموو چیرۆکەکانیدا بایەخێکی تایبەتی بە زمان داوە، چ وەك توخمێکی گرنگی تەکنیك و چیش وەك جوانکاری و دامەزراندنی بونیادێکی هونەری و ستایلێکی جیاواز و بوون بە مۆرکێکی چیرۆکەکانی ئەو و لە هەندێك چیرۆکیشدا زمان دەبێتە گیانێکی زیندوو و دارشتنی فۆڕمێکی نوێ و جیاواز، دەتوانم بڵێم کە سەڕاج لە دارشتن و زمانی نووسینی چیرۆکدا لە ئەدەبی کوردیدا لە هەموو چیرۆکنووسەکانی تری کورد جیاوازە، بەڵکو لە هەندێك چیرۆکدا ئەوەندە چڕ و شیعری و کوتبڕییە، هەموو خوێنەرێك ناتوانێ تێی بگات، بەڵکو خوێنەری زیرەکیش تووشی سەرسوڕمان و سەراسیما دەکات، بۆ نموونە لە چیرۆکی (چیرۆکنووس)دا چیرۆکنووس لەناو بونیادی چیرۆکەکەیدا باسی زمانی

سەختی خۆی دەکات و دەڵێ: (بۆ پتەوکردنی دەربڕینەکانم پێم دەڵێن: (زمانەکەت جەنگەڵێکی چڕ و سامناکە!) بەرگوێم کەوتووە (وشەکانی بەرداشن و وێنەکانی ڕك و سەختن...هتد) منیش وەڵامم هەر ئەم بووە: بۆ چ زمان زمانی وشە و قورگە!؟ ئەی زمانی ڕەنگ و هێڵ و هێن! ئەی زمانی پەتی و پاراوی بێدەنگی: ئەوەی دەمەوێ بیدرکێنم ئاشکراو دیارە وەکو کۆترێکی سپی بێ لەناو سەوزەڵانێکدا. گوناحی من چییە ئەگەر ئەو کۆترە باڵی پێکرابێت و لەپێش چاوی ڕاوکەر خۆی مەڵاس دابێت. ئەز پڕ بە دڵ حەز دەکەم خامەکەم ژیانی لێ بتکێ و قوزاخەی ئەوین و جوانی بڕەنگێنێ...)(٣٧).

لە چیرۆکی (هەشت و نیوی بەیانی - هەشت و نیوی شەو)دا گێڕانەوی چیرۆکەکە ئەوەندە کورتبڕی تێدا کراوە، خوێنەر هەست بەوە دەکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە شیعرە، یان ڕستە و بڕگەی شیعریین وەك دەڵێ: (کات جووتێ دەستاڕی پێوە شەتەك درابوو) (٣٨). یان لەجیاتی وەسفێکی درێژی دەربڕین بەم کورتکردنەوەی ڕستە و بە گوزارشت ڕاڤەیەکی حاڵەتی تووڕەبوونی مامۆستاکەمان بۆ دەگێڕێتەوە وەك دەڵێ: (تووڕەییەکەی بەیانیم (کە قەیرانێکی ڕەش بوو) هەڵوەراند..)(٣٩).

ع. سەڕاج ئەوەندە بایەخ بە شیعرییەتی نووسین دەدات، کە توانیویەتی بە کورتبڕی و هەڵبواردن لە چیرۆکنووسیدا ناو دەربکات، هەندێك جێگەی گێڕانەوەی، یان لە هەندێك بڕگە و پەڕەگرافدا وەك پەخشانێکی شیعری نووسراوە وەك هەر لەم چیرۆکەدا دەڵێ: (شەوێکی بێ ئەستێرە بوو، ئەتلانتیکی دەروونم تینووی دڵۆپێ ئاوی شیرین بوو. لە بۆشاییدا هەڵواسرام. هێرۆشیمای چاوم نوقاند. لە باخەڵیشمەوە ناسنامەم دەرکرد..)(٤٠).

لە چیرۆکی (بێدەنگیش زمانی هەیە) چیرۆکنووس لە وەسفیشدا کورتکردنەوەی لە وەسف کردووە و ئەوەی جاران وەسف کردنەکەی بە لاپەرەیەك، یان نیو لاپەڕە دەنووسی، ئەو لەم چیرۆکەدا وەسفەکەی بە دوو دێڕ نووسیوە وەك دەڵێ: (دیسانەوە خەجە - بۆ ئەوەی زمانی خۆی نەگەزێت، دەستەسڕێکیان ئاخینوەتە دەلاقەی دەمیەوە...)(٤١). لەم چیرۆکەدا دەبینین کە زمان پێکهاتەی سەرجەم چیرۆکەکەیە و ڕووداو نییە، تەنیا دەربڕین و هێما و ئاماژە هەیە، لەناو زمانێکی پڕ لە شیعری و سفت و سۆ ڕازێنراوەتەوە، ئەمەش هەم بۆ جوانی و ئیستاتیکای دەقە و هەمیش بۆ دەربڕین و گوتاری مانا، هەمیش وەك نموونە و مۆدیلێکی نوێ و ئەزموونێکی جیاواز لە چیرۆکنووسیدا. لە چیرۆکی (لاکێشە ڕووناکەکان)یشدا شیعریەتی نووسین بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەبینرێ، چونکە زۆربەی چیرۆکەکە هەموو بونیادی چیرۆکەکە دەچێتە ناو شیعرییەتی نووسین، وەسف و داڕشتن و پەرەگراف و ڕستە و دەستەواژە و هەموو داڕشتنەکە پشت بە شیعرییەتی نووسین

دەبەستێ، تەنانەت لێکدانەوەی پەرەگراف و دەستەواژەکانیش و دەربڕینەکانی نووسەریش مانادار و هێما ئامێزن و شرۆڤەیان دەوێ و پێویستی بە خوێنەری زیرەك هەیە تا کۆد و شیفرە و هێماکان لێك بداتەوە و نوێکاری و جیاوازییەکەی لەگەڵ چیرۆکی ئاسایی جاران بداتە خوێنەری زیرەك و بە توانا و بە سەلیقە و بەشدار لە بونیاد و پێکهاتەی چیرۆکدا.
لە چیرۆکی (بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)دا شیعریەتی نووسین بۆتە پێکهاتەی نوێکاریی چیرۆکنووس و نموونەی چەند دەربڕینێکی شیعری، یان چەشنی شیعر بوونەتە جوانکاری چیرۆکەکە و لادانە پاڵ نوێکاری لە تەکنیك و تەنانەت دوورخستنەی خوێنەر لە وەسفی زیادە و گێڕانەوەی زیادەو لە هەمان کاتیشدا جوانکاری چیرۆکەکە بەدیاردەخات وەك لەم بڕگانەدا بە زمانێکی شیعرئامێز چڕکردنەوە و هەڵبواردن لەم چەند نموونانەدا دەبینین: (لێرەش هەر هەلاجی بە وشەوە دەکرد و دەکات)(٤٢). یان: (لەناو گەردەلوولی سێکسێکی ئاڵۆزدا خول دەخواو دەخواتەوە)(٤٣). یان: (لەوێش و لێرەش هەر هەمان پۆپەشمین مەودای بینینی ئاسۆی لێ داپۆشیبوو)(٤٤). یان: (دەنگم کولێرەیەکی چەور بوو و قەوزەیەکی فێنك بەری چاومی پۆشی)(٤٥).
لە چیرۆکی (لە چایخانەی مەچکۆدا)ش هەمان بایەخ بە زمان و چڕکردنەوە و شیعرییەتی نووسین دراوە، بەڵام لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس زیاد لەوەش شێوە زاری هەولێر و زمانی تورکمانی خستۆتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، ئەمەش توانا و دەسەڵاتی ع. سەڕاج بەدیار دەخات لە زماندا و نموونەی چیرۆکی تریشمان زۆرن لە بوارەدا، بەڵام ئەم نموونانە بەسن بۆ توانایی و دەسەڵاتی بەهێزی سەڕاج لە زماندا.

## ی- ڕووداو وەك توخمێکی تەکنیك و جیاوازی لە چیرۆکی نوێدا و جۆرێکی تر لای سەڕاج دا:

لە زۆربەی چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا وەك چیرۆکنووسانی تر مامەڵەی لەگەڵ ڕووداودا نەکردووە، بەڵکو لە هەندێك چیرۆکیدا تەنانەت کەسێتی سەرەکی و ناسەرەکییەکانیش نییە، یان کەسێتییەکە مرۆڤیش نییە، گیاندار، یان تەنێك، یان بێگیانێك دەکاتە کەسێتی سەرەکی، یان کەسێتییەکانی تر، چونکە لە چیرۆکەکانیدا بە زۆری ڕووداوی سەرەکی نییە، بگرە لە هەندێك چیرۆکیدا تەنانەت ڕووداویش نییە، ئەوەی هەیە، دروستکردنی چەند دیمەنێکە، یان چەند مۆتیڤێك، یان چەند بیرۆکەیەك و دەخرێنە ناو دنیای گێڕانەوەی چیرۆکنووس و لەناو زمانێکی شیعری و هێماداریشدا چیرۆکێکی جیاوازی لێ دروست دەکات کە لەگەڵ چیرۆکی نەوەکانی پێشتر و بگرە لەگەڵ زۆر لە چیرۆکنووسانی نەوەی

خۆشی جیاوازە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)دا ڕووداوی سەرەکی نییە، بەڵکو بێگیانێك کە چیرۆکنووس بزمار و لقەداری کردووە بە دوو کەسێتی چیرۆکەکە و بە مەبەستی مانا و هێما و نوێکاری قسە دەکەن، لەم چیرۆکەدا جگە لە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە ڕۆشنبیرە و باسی گیڤارا و کەنەفانی و هۆشی منە و داروین و کۆنفۆشیۆس و... تاد دەکات لە هەمان کاتیشدا دیالۆگێك لەنێوان بزمارێکی کەوشی و لقەدارێك ڕێکدەخات و گیانیان بەبەردا دەکات. لە چیرۆکی (کاتژمێر)یشدا دەستپێکی چیرۆکەکە و کۆتاییەکەی دیالۆگە و هیچ تێمایەکی چیرۆکەکە نابینرێت، بەڵکو چیرۆکەکە لە چەند پەرەگرافێك پێکدێت و هەر پەرەگرافەی وێنە و دیمەنێك، یان بۆچوونێکی نووسەر دەخاتە ناو مۆتیڤێکی مانادار و مەبەستدار، لە کۆتاییدا خوێنەر خۆی ئەم دیمەنانە لێکتر گرێ دەدات و چیرۆکێك، یان دەقێکی مەبەستدار دروست دەکات کە مەغزا و جیهانبینی چیرۆکنووس وەك دەقێکی هێمادار و پڕ لە ڕوانین و نوێ دەخاتە ناو گێڕانەوەناسی کوردی، کە ڕووداو لە چیرۆکەکەدا نەبێت، ئەمەش ئەگەر لای ع. سەڕاج نەبێت، بڕوا ناکەم چ چیرۆکنووسێکی تری کورد، چیرۆکیان بێ بوونی ڕووداو نووسیبێت. لە چیرۆکی (مردوو خەون نابینێ)شدا دەبینین تێمای چیرۆکەکە تەنیا چیرۆکێك نییە، بەڵکو چەندان چیرۆک و چەندان وێنە و دیمەن و مۆتیڤی جیاجیا هەیە، لەم چیرۆکانەدا دیمەنەکان پێوەندییان بە یەکترەوە نییە، ئەگەر ڕووداوی بچووك بچووکیش هەبن لێکتر جیان و سەرجەم مۆتیڤ و وێنە و دیمەنەکانیش لەناو زەینی چیرۆکنووسدان، یان لەناو زەینی بگێڕەوەی چیرۆکەکەدا پێکەوە گرێدراوە. ئەمەش وایکردووە کە نوێکاری ع. سەڕاج و جیاوازی لەگەڵ چیرۆکنووسانی نەوەی خۆی و پێش خۆی جیاواز بێت، ڕووداو بکرێتە لاوەکی. لە چیرۆکی (شەترەنج)یشدا ئەوەندە بایەخ بە ڕووداو نادات، بەڵکو یاری شەترەنج دەکاتە هێما بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی واتە دەربڕینی چیرۆکنووس کە لێرە شای سپی و ڕەش/ سەربازی سپی و ڕەش کە لە شەترەنج دوو ڕەنگی ڕەش و سپی بەرانبەر یەکتر وەستاون، ئینجا قەڵا و فیل و سەرباز بەرانبەر یەکتر. لێرە چیرۆکنووس کە پاڵەوانەکە لەناو سندووقێکدا دەیانپێچێتەوە مەبەستیەتی بڵێ مرۆڤ دەتوانێ عەقڵی بەکاربێنێ و بەسەر کێشمەکێشی مرۆڤایەتیدا زاڵ بێت، بەڵام بەرژەوەندی و هێزی زاڵبوون بەسەر مرۆڤدا زاڵە و دەشتوانێ ئەو جەنگەی نێوان ڕەش و سپی وەك دوو هێزی دژ یەکتری لە شەرترەنج بخاتە بەردەسی خۆی و خۆرەکەش هێمای ڕزگاری و زاڵبوونە بەسەر شەڕ و جەنگی دوو ڕەنگی دژ بەیەکتردا. لە گەڵێك چیرۆکی تریشیدا ع. سەڕاج ڕووداێکی سەرەکی نابینرێ، بەڵکو چیرۆکەکە گرێدانی دیمەن و مۆتیڤ و وێنە و ڕوانینەکانە، ئەم

ڕۆڵە، یان بگێڕەوەی هەموو شتزان شتەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، یانیش چیرۆکنووس خۆی بە شێوازی جیاجیا بەرگێکی هونەری و نوێتر بە بەر چیرۆکەکەیدا دەکات.

## ن- تەکنیك و شێواز و هونەرکاری تر لە نوێکاریدا:

بۆ درێژ نەبوونەوەی توێژینەوەکەمان، بە کورتی و نموونە نیشاندان باسی چەندان هونەری تەکنیکی و شێواز و جوانکاری دەکەین کە سەڕاج لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا بە مەبەستی نوێکاری و جیاوازی لەگەڵ چیرۆکنووسانی تردا پەیڕەوی کردووە و کردوویە بە بنیادی چیرۆکەکانی لەمانەش:

١- دیالۆگ: سەڕاج لەگەڵ چیرۆکنووسانی تر جیاوازە، دەبینین لە هەندێك چیرۆکدا هەر کەسێتییەك باسی شتێکی جیاواز و بابەت و مەسەلەیەکی جیاوازتر لەگەڵ ئەوی تر دەکات، هەندێك جاریش پرسیار و وەڵامی چەند بابەتێك دەکرێ و هیچیان پێوەندییان بە پرسیار و وەڵامەکەی تر نییە نموونەی ئەمەش وەك لە چیرۆکی (بە خەلوزیش نیگار دەکێشرێت)دا هەیە، یان چیرۆک هەیە بە دیالۆگ دەست پێدەکات وەك چیرۆکی (کاتژمێر)، لە زۆر چیرۆکی تریشدا بایەخ بە دیالۆگ دراوە، بە هەموو شێوەکانەوە.

٢- شوێن، زۆربەی شوێنەکانی هەموو شارەکانی کوردستانە و بەتایبەتیش کەرکوك کە زێدی چیرۆکنووسە، لە هەندێك چیرۆکیشدا شوێنی زەینی بەرجەستە کردووە و خوێنەر بە ئاسانی دەتوانی شوێنەکان بدۆزێتەوە.

٣- تێهەڵکێشکردنی چیرۆکی منداڵان، وەك لە چیرۆکی (بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)، یان چیرۆکی (ڕێگای بانە)دا چیرۆکی منداڵانی گورگ و بەرخ دەکاتە هێما.


٤- تێهەڵکێشکردنی حەیران، وەك لە چیرۆکی (نەریمان و گوڵەندام) کە ناونیشانەکەیشی لە فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا حەیرانێکی تێهەلکێش کردووە و کردوویەتی بە کۆتایی چیرۆکەکە.

٥- تەوزیفکردنی بەیتی فۆلکلۆری، وەك لە چیرۆکی (نەریمان و گوڵەندام)دا بەیتی بارام و گوڵەندامی فۆلکلۆری کوردی تەوزیف کردووە و کردوویەتی بە نەریمان و گوڵەندام، کە باسی بەڵێن و خۆشەویستی (٥٦) ساڵەی دوو عاشق دەکات.

٦- سوودوەرگرتن لە ڕۆژنامە و هەواڵی ڕۆژنامە و تێکەڵکردنی لە چیرۆکدا، وەك لە چیرۆکی (خۆراك)دا باسی کتێبخانەیەك و گەیشتی ڕۆژنامەیەك و شەڕە قسەی ڕۆژنامەکانی کردۆتە کەرەستە و گواستویەتەوە بۆ چیرۆك. هەروەها لە چیرۆکی (مردوو خەون نابینێ)دا سوود لە هەواڵی ڕۆژنامە وەردەگرێ بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و دەوڵەمەندی تەکنیك

و شێوەیەکی نوێ لە تێمای چیرۆک وەك ئەم هەواڵانە: ئەم وردە هەواڵانە دەخوێنمەوە ئینجا کەی لە کاتێکی ئاسایی لام لێ کردوونەتەوە، یان: ئەلدۆمۆریان کوشت...، یان سادات و بیگن... تاد-ل٩٠ ئەم شێوازەش لە چیرۆکی دنیادا هەیە و تەنانەت لە چیرۆکی عەرەبیشدا لای چیرۆکنووسە میسرییەکان بەکارهاتووە، لە چیرۆکی کوردیدا تەنیا لای سەڕاج بەکارهاتووە، ئەمەش بە مەبەستی نوێکارییە لە چیرۆکی کوردیدا.

٧- سوودوەرگرتن لە سینەما و سیناریۆ و بەکارهێنانی لە چیرۆکدا وەك لە چیرۆکی (دانپیانان)دا لە پێشەکی چیرۆکەکەدا وەك تایتلی فیلمێکی سینەمایی باسی کوشتنی لەقلەقەکەی هەولێر دەکات، هەروەها چیرۆکەکەشی لە چەشنی سیناریۆ نووسین بۆ چەند بەشێك دابەش کردووە کە ئەمانەن: وەکو پێشەکی، دوایین دیمەن، دیمەنی ناوەندی، دیمەنی یەکەم. هەروەها لە کۆتایی چیرۆکەکەدا چەشنی فیلمێکی سینەمایی کوشتنی لەقلەقەکە نیشانی خوێنەر دەدات و لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چیرۆک- فیلمەکە. لە چیرۆکی (ئەشکەوت)یشدا چەند تەکنیکێکی سیناریۆی بەکارهێناوە و کردوویەتی بە ناونیشانی لاوەکی. لە چیرۆکی (بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)دا هەردوو هونەری سینەما و شێوەکاری دەکاتە پاڵپشتێك بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و ناوی سینەماکار و شێوەکارە گرنگەکانی دنیاش دەهێنێت.



٨- سوودوەرگرتن لە نوکتە و بەکارهێنانی لە گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەمەش بۆ جوانکاری و نوێکاری کردووە، وەك لە چیرۆکی (بە خەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)دا نوکتەیەکی بێگانەی خستۆتە ناو تێمای چیرۆکەکەی.

٩- بەکارهێنانی تەداعی لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، وەك لە چیرۆکی (ڕاسپێری)دا بەهۆی تەداعییەوە دیمەنێك، دیمەنێکی تری دێنێتەوە بیر، لە چیرۆکەکانی تریشدا نموونەیان هەیە.

١٠- بەکارهێنانی، یان سوودوەرگرتن لە شانۆ و هونەری نواندن لە چیرۆکدا، ئەمەش بۆ نوێکاری و جیاوازی چیرۆکنووسە لەگەڵ چیرۆکنووسانی تردا. بۆ نموونە لە چیرۆکی (قەفەز)دا چیرۆکەکە بە تەواوی کەوتۆتە ژێر هەژموونی شانۆ و شێوەی شانۆوە، تەنانەت شوێنیش لەم چیرۆکەدا سەر شانۆیە و کاتەکەش وەك دیاریکردنی لە شانۆدا شەو، یان ڕۆژە. هەموو ڕووداوەکان لەم چیرۆکەدا لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، ئەو شانۆیەی لە زەینی چیرۆکبێژدا.

١١- بەکارهێنانی فلاش باك لە چیرۆکدا، هەرچەندە لە چیرۆکی کوردیدا ئەم شێوازە لە دوای ساڵانی حەفتاکان بەدواوە لای چیرۆکنووسانی نوێکاری کورد وەك: حوسێن عارف و موکری و ع. سەڕاج و ڕەووف بێگەرد و ڕەووف حەسەن و کاکەمەم بۆتانی و لەتیف حامید و سەدرەدین عارف و هیی تریش چیرۆکی کوردی پێ نوێ بووەوە، بەڵام لای عەبدوڵڵا سەڕاج لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا چ چیرۆکەکانی سەرەتا تەنانەت تا ئەم دواییەش بایەخێکی زۆری پێدراوە و بووەتە بەشێك لە نوێکاری چیرۆکەکان، هەروەك لە چیرۆکی (ڕاوە گورگ) بە فلاش باك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی، یان هەر لەم چیرۆکەدا بە فلاش باك بەهۆی بەکارهێنانی گوزارشتی (بیرم دێتەوە) بارام ناوێکی بیردێتەوە کە بوو بوو بە هێمای تێکدانی گوندە کوردییەکانی کەرکووك. یان لە چیرۆکی (هەشت و نیوی بەیانی - هەشت و نیوی شەو)دا بە گوزارشتی (بیرم هەڵفڕییە) (بیرم هەڵفڕییە ناو پۆلەکەوە... تاد) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قوتابخانە... یان لە چیرۆکی (بازنەکان)دا بەهۆی فلاش باکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی.

١٢- بەکارهێنانی نامەئلووف لە دیمەن و ڕستە و ڕووداو و پەڕەگراف. بۆ نموونە لە چیرۆکی (دانپیانان)دا گیاندارێك دەبێتە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە، هەروەها مەنارەکەی خانەقا لە کوشتنی لەقلەقەکەی هەولێر دەکرێتە شایەت، بەڵام داوای سوێندی لێ ناکەن، چونکە خۆی سوێندگا بوو. یان لە چیرۆکی (نا)دا دەبینین (کا لە پێش شێر ڕۆکراوە! ئێسك لە بەردەم ئەسپ!). لە هەموو بوارەکانی تری گێڕانەوەشدا نموونەمان زۆرن کە لەلای

ع. سەڕاج بە مەبەستی نوێکاری و جیاوازی لەگەڵ چیرۆکنووسانی تر بایەخی زۆر بە نامەئلووف داوە، شان بە شانی فانتازیا و خەیاڵ و خورافە و بەکارهێنانی ئەفسانە و سەیروسەمەرە و بابەتی تری هاوشێوە.

## باسی سێیەم:
## عەبدوڵڵا سەڕاجی ئەزموونگەر و جیاواز لە نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردیدا

ع. سەڕاج جیا لەوەی لە نوێکاری چیرۆکی کوردیدا هەموو جۆرە تەکنیك و شێوازێکی نوێی دنیای بەکارهێناوە و کارامەیی خۆی لە نووسیی چیرۆکدا سەلماندووە و لەگەڵ هەموو چیرۆکنووسانی نەوەی خۆی و پێش خۆی جیاوازە و وەك چۆن لە تەکنیك و هونەری چیرۆک و ڕۆماندا شارەزایە و چەندان نووسینی بەپێزی لەبارەی هونەری چیرۆک و ڕۆمان نووسیوە و لێکۆڵینەوەشی لەبارەی ئەدەبی گێڕانەوەی دنیا و کوردی نووسیوە و لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا کە باسی چەندەها بواری هونەری چیرۆک و ڕۆمان و هونەرەکانی تری وەك شێوەکاری و سینەما و شانۆ و تەنانەت ڕۆشنبیرییە فراوانەکەشی لە بواری ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی گێڕانەوەش بەتایبەتی وایکردووە کە بتوانێت جیا لە نوێکاری لە چیرۆکی کوردیدا، ئەزموونگەریش بێت و توانیویەتی چەندان شێواز و تەکنیکی تایبەت بەخۆی لە ئەدەبی کوردیدا تۆمار بکات و ببێتە ڕابەری ئەزموونگەری لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا.

بێگومان جیاوازی نێوان ئەزموونگەر لەگەڵ نوێکاردا ئەوەیە کە ئەزموونگەر، نووسەری بوارێکی ئەدەبە جگە لەوەی کە لە بوارەکەی خۆیدا نوێکارە و چەندان تەکنیك و شێوازی نوێی خستۆتە ناو ئەدەبەوە، ئێمە باسی چیرۆک و ڕۆمان دەکەین و لە بارەی نوێکاری ع. سەڕاج قسەمان کرد لەم باسەشدا باسی گرنگی لایەنی ئەزموونگەری ئەو دەکەین، چونکە ئەزموونگەر ئەو داهێنەرەیە کە هەموو شێواز و جۆرەکانی نوێکاری ئەنجام دەدات و لە هەموو بوارێکیش لەم بوارانەدا هەم دەتوانێ نوێکار بێت و هەمیش لە هەموو بوارەکانی تریشدا کارامەیە و ئەزموونی نووسینی ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە، دەتوانێ هەموو ئاستەکانی نوێکاری و ئامراز و هۆکار و شێواز و تاقیکردنەوەکان ڕەت بکات و هەموو ئەو تاقیکردنەوە نوێیانەی لە ئەدەبیاتی دنیادا هەیە، ئەو دەیبینێ و دەیهێنێ و زیرەکانە لە چیرۆکی کوردیدا تاقی دەکاتەوە.

سەڕاج یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێکارانەی کە جگە لەوەی هەموو ڕێگەکانی نوێکاری لە چیرۆکی کوردیدا تاقی کردۆتەوە و زیاد لەوەش ڕێگەی ئەزموونی نوێتر دەگرێتەبەر

و دۆش دادەمێنێ، ناوەستێ و ئەزموونی نوێش دەخاتە ناو تۆماری چیرۆکی کوردییەوە. سەڕاجی ئێمە یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێکار و ئەزموونگەرانەی کە شوێن پەنجەی لە تۆماری ئەزموونگەریی چیرۆکی کوردیدا دیارە و ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە و ئێمەش چەند ئەزموونێکی نوێی ئەو دەستنیشان دەکەین:

## أ- تابلۆ و وێنە و هونەری شێوەکاری لە ئەزموونگەری و نوێکاریی چیرۆکنووسیدا

عەبدوڵڵا سەڕاج لەبەر ئەوەی خۆی هونەرمەندێکی شێوەکاری بوو و تابلۆکیش بوو و لەسەر کاغەز و مقەباش هێڵکاری جوانی دەکێشا و لە هەمان کاتیشدا زانیارییەکی چاك و ڕۆشنبیرییەکی شێوەکاری باشیشی هەبوو، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانیدا ئەگەر بەئاشکرا و وەك هونەری شێوەکاری باسی ئەم هونەرەی نەکردبێ ئەوا لە هەندێك چیرۆکیدا وەکوو هێما و ڕەنگ و هێڵ و ئاڕاستە و جوانی و ئەودیوی مەبەستی چیرۆکنووس کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی لە چیرۆکەکانیدا دەبینرێ، لە هەندێك چیرۆکیشدا خوێنەر هەست بەوە دەکات کە ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەنووسێ، یان بگێڕەوەی چیرۆکەکە، یانیش کەسێتی سەرەکی، یان یەکێك لە کەسێتییەکانی چیرۆکەکانی هونەرمەندێکی دەستڕەنگینی شێوەکارییە، ئەمەش مۆرکێکی بە چیرۆکەکانی سەڕاج داوە و تایبەتمەندییەکی ئەوی تێدا دەبینرێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی (سەیران)دا چیرۆکنووس باسی ئەزموونی خۆی دەکات لە شێوەکاریدا وەك دەڵێ: (دەڵێن تەمەنم پێوە دیار نییە! جاران دەستی نیگارکێشیم هەبوو، زۆر لەگەڵ ڕەنگدا شوناسیم پەیدا کرد و گەیشتمە ئەنجامێك کە ئەگەر دوو ڕەنگ، ڕەنگێکی نوێ دروست بکەن خۆ لە تێکەڵکردنی گشت ڕەنگەکان ڕەشێکی ئەوتۆ دێتە کایە کە دەق بە ڕەنگی پاسکیلەکەم بکات)(٤٦). یان لە چیرۆکی (سپی)دا دەپرسێ: (ئایا سپی ڕەنگە؟)، وەڵامەکەشی دەکاتە هێمای دەربڕینەکانی و دەیەوێ فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەی خۆی لە ڕەنگدا بداتە خوێنەر.

لە چیرۆکی (لە گازینۆی پەرلەماندا)ش باسی پەیکەری ڕۆدان دەکات و دواییش باسی هونەرمەندانی شێوەکاری تر و پەیکەری تر دەکات و بە بیرهاتنەوەی تابلۆ ڕەنگینەکەی ئادەم و حەواش کە دێتەوە بەرچاوی فەلسەفەی بوون و مرۆڤ و کەن و پرسیارە فەلسەفییەکان دەخاتە دەست خوێنەر و زانیاری دەداتێ و ئەم پرسیار و مەسەلانەش بەهۆی هونەری پەیکەرسازی و شێوەکارییەوە دەکاتە بەشێك لە ڕوانین و جیهانبینی و فەلسەفەی نووسەر لە دەقی چیرۆکەکەیدا. لە چیرۆکی (برایم شۆراوی)یشدا بەدیاری دەخات کە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە کە مامۆستای وانەی هونەرە و پەیامی

چیرۆکنـووس بەهـۆی نیگارەکانییـەوە دەردەبڕدرێـت. حوسـێن عـارف لـە نووسـینێکیدا کـە دەق و ڕەخنەیـە لەبـارەی چیرۆکـی برایم شـۆڕاوی سـەڕاج لـە ژمارە (٢)ی تشرینـی دووەمی ١٩٨٢دا لەبارەی جوانی چیرۆکەکە و گرنگی ڕەسـم و مەغزای چیرۆکەکە و کەسـێتی مامۆسـتا برایمـی هونەرمەنـد و ڕەنگدانـەوەی لـە بونیـادی چیرۆکەکـەدا وەك دەڵـێ: (باسـکردن لـە چیرۆکـی برایـم شـۆڕاوی، باسـکردنە لـە پێنـج چیـرۆک لـە چیرۆکێکـدا، یـان چاکتر وایـە بڵێم باسـکردنە لـە یـەك کـەس لـە چـاوی پێنج کەسـەوە. ئـەم شـێوەیەش بـواری بـە چیرۆکنووس داوە کـە بتوانـێ مـەودای بەکارهێنانـی هونەرمەندیـی خـۆی گەلـێ تێـدا بەربەرەڵڵا بـکا و گەلـێ پـڕ و چـڕ لە کات و شـوێنی جیا جیا و لـە پەیوەندیی جۆراوجۆری نێوان کەسـانی و لە مەغزایەکـی قووڵـی بە پەل و پۆیشـی کە سـەرتاپای ڕووبـەری ناو چوارچێـوەی چیرۆکەکە پڕ دەکاتـەوە بـدوێ)(٤٧). لـە چیرۆکـی (ئەبستراکت)یشـدا کـە جۆرێکە لە هونەری شـێوەکاری و ناونیشانەکەیشـی هـەر پێوەنـدی بـە شـێوەکارییەوە هەیە و باسـی پیشـانگا وکەڤاڵی ڕەش و سـپی دەکات و دەیکاتـە هێـماو دەربڕینـی چیرۆکنـووس، ئەمـەش شـارەزایی سـەڕاج لـە هونـەری شـێوەکاریدا نیشـان دەدات.

ع. سـەڕاج لـە کورتیلـە چیرۆکەکانیشـیدا هەمـان بایەخـی بـە هونـەری شـێوەکاری و تابلـۆ و کەڤـال و کەرەسـتەکانی ڕەسـم و هێـڵ و ڕەنـگ داوە، بـۆ نموونـە لـە کورتیلـە چیرۆکـی (دەنکـە شـقارتەیەکی سـووتاو)دا تابلۆیەکـی سـوریالی دەکاتـە هێـما و مەبەسـتی شـاراوەی چیرۆکنـووس. نموونـەی تریشـمان زۆرە لـە چیرۆکەکانـی سـەڕاجدا، بـەڵام ئەمانـە مشـتێك بـوون لـە خەروارێـك، چونکە لە زۆربـەی چیرۆکەکانی سـەڕاجدا ڕەنگدانـەوەی هەیە، لەبەر ئـەوەی سـەڕاج خـۆی جگـە لـە چیرۆکنووسـی و ڕۆماننووسییەکەشـی ئـەو هونەرمەندێکـی دەسـترەنگینی شـێوەکاریش بـووە و تابلـۆ و هێڵـکاری زۆریشـی هەیـە.

## ب- سـوودوەرگرتن لـە پرسـیار و تاقیکردنـەوەی قوتابخانـەدا و بەکارهێنانـی وەك ئەزموونێکـی نـوێ لـە چیرۆکدا

لـە چیرۆکـی (بـاران و زۆر شـتی تـر)دا لـە شـێوەی پرسـیار و وەڵامـدا جۆرێکـی نـوێ لـە گێڕانـەوەی چیـرۆک بـڵاو دەکاتـەوە کـە تەنیا لـە ئەزموونی سـەڕاجدا دەبیـنرێ و هەیە، وەك ئـەم نموونە:

(پرسیار:

١- دەبێ لەدایکبوونی بێچووە نیاندەرتاڵێك....

٢- قۆزاغەی ئاوریشم، کاتە یان جێگایە؟

٣- کێ سەری بووکەبارانێ هەڵدەکێشێ؟
تێبینی: وەڵامی پرسیارێك بدەرەوە بە مەرجێك نیگارەکەی بکێشی)(٤٨).

## ج- بەکارهێنانی زمانێکی شیعری چڕوپڕ و هێمادار لە گێڕانەوەی چیرۆکدا

سەڕاج جیا لە چیرۆکنووسانی تری کورد ئەوانەی لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە زمانێکی شیعرییان بە مەبەستی چڕکردنەوە و کورتکردنەوە و هەڵبواردن بەکارهێنا و لای توێژەرانی دنیاش ئەم جۆرە داڕشتنە لە چیرۆکدا ناوی نرا شیعرییەتی نووسین، بەڵام شیعرییەتی نووسین بەم مانایە نا کە شیعر بکرێتە بنەمای نووسین، یان شیعر تێکەڵ بە چیرۆک بکرێت، بەڵکو مەبەست لێیەوە ڕزگاربوون بوو لە وەسفی درێژ و ڕستەی بێ مانای درێژ و درێژدادڕی چیرۆکنووسینی جاران. ع. سەڕاج جیا لەو چیرۆکنووسە نوێیانەی کورد کە وەك وتم لە حەفتاکان بەدواوە لە چیرۆکی کوردیدا کردیان بە بەشێك لە تەکنیك و شێوازی نوێی نووسین، ئەو داڕشتنەکەی دەچێتە ناو شێوەی قوڕس و سەبکی شیعری لە داڕشتنی پەڕەگراف و دیمەنەکانی گێڕانەوەدا، بەجۆرێك لە خوێندنەوەیدا وا هەست دەکەی کە ئەوە داڕشتنی دەقێکی شیعرییە، بەڵام لە قاڵبی چیرۆکدا و لە شێوەی داڕشتنی پەخشاندا نووسراوە، بەڵکو لە هەندێك پەڕەگرافدا ئەوەندە شیعری و هێمادار نووسراوە خوێنەری ئاسایی تێی ناگات. چیرۆکیش هەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی چیرۆکەکە بەم زمانە شیعرییە قوڕسە هێمادارە نووسراوە، ڕووداو و تێمای تێدا نادۆزرێتەوە، بەڵکوو چیرۆکەکە سەرلەبەری دەقی مانادار و هێمادارە و بەدوای دۆزینەوەی مانا شاردراوەکەی ئەمدیوی دەقدا بۆ خوێنەری زیرەك و کارامە جێهێشتراوە، بۆیە سەڕاج لەم ئەزموونەیدا کە تایبەت بە نووسینی ئەوە لە چیرۆکدا، تایبەتمەندە و دیالۆگەکانی لێ دەرچێت، بەم زمانە شیعرییە نووسراوە و بۆ خوێنەری ئاسایی تێگەیشتنی لەم دەقانە سەختە، بەڵکو ئەم خۆی بە مەبەست و بۆ ئەزموونگەری خۆی چیرۆک بۆ دەستەبژێر و خوێنەری زیرەك دەنووسێ و عەوام تێی ناگات. بۆ نموونە لە چیرۆکی (مێژووی ژمارە سفر)دا بەم زمانە شیعرییە چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە وەك دەڵێ: (هەنیەی ئارەقەی ڕەشی دادەچەکاند. وەك چاویلکەیەکی ئاڵی لە چاودا بێت بازنەی بینینی بە دوو لە چەکی بووکێنی دەچوون. لەگەڵ کازیوەدا، نامەکەی پێچایەوە.. سەرنجی دەرەوەی دا و چاوی بە پێشتەماڵی ئاسمان شۆری. بایەکی توند و تووڕە هەلاجکاریی بە هەورە بێ شێوە کەوەییەکان دەکرد... تاد)(٤٩). هەروەها لە چیرۆکی (ڕاسپێری)دا دەبینین ڕووداوی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا نییە و دیمەنێك دیمەنێکی تر ڕادەکێشێ، لەم چیرۆکەدا یاریکردنێکی چیرۆکنووس لەناو

زمانێکی نارِووندا دەبینین کە ئەمەش وەك مۆدیلێکی نوێ و ئەزموونگەرییەکی تری تایبەت بە ع. سەڕاج دەبینرێ.

## د- کۆکردنەوەی چەند کورتیلە چیرۆکێك لەناو چیرۆکێکدا

ئەم تاقیکردنەوەیەش هەر تایبەتە بە ئەزموونگەری ع. سەڕاج لە چیرۆکی کوردیدا، چونکە تەنیا ئەو ئەزموونی کردووە و لای چیرۆکنووسێکی ترم نەبینیوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (باڵندەکان بەرز دەفڕن)دا چەند کورتیلە چیرۆکێکی بە ناونیشانی: ناخ، گەرد، خۆدۆزینەوە، سووتان، نرخ، ئاو، خۆشەویستی، کەوڵ، مەرگ لەناو چیرۆکێکدا کۆی کردوونەتەوە. کورتیلە چیرۆکەکان لەژێر ساباتی یەك ناونیشان کۆکراونەتەوە، بەڵام هەر کورتیلە چیرۆکێك لەوانە بابەتێکی جیاواز لەوەی تر و سەربەخۆیە، تەنیا ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکە لەژێر ساباتی خۆیدا کۆیان دەکاتەوە. ئەمەش ئەزموونێکی تری ع. سەڕاجە و خۆی پێ لە چیرۆکنووسانی نەوەی پێش خۆی و نەوەی خۆی جیا کردۆتەوە.

## هـ- دیالۆگی گریمانەکراو لەناو خۆدواندنی چیرۆکنووسدا

جۆرێکی تری بەکارهێنانی دیالۆگ شێوە گریمانە کراوەکەی ع. سەڕاجە، کە ئەمیش تایبەتە بە سەڕاج و لای هیچ چیرۆکنووسێکی ترم نەبینوە، ئەو لەم دیالۆگەدا لەو کاتەوەیە کە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە کە خۆی هەم چیرۆکنووسە و هەمیش بگێڕەوەی هەمووشتزانە، ئەو کاتەی کە لەگەڵ خۆیدا دەدوێ بە شێوەیەکی گریمانەیی کەسێك دێتە ناو هزر و خەیاڵی و لەگەڵیدا دەدوێ و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات. بۆ نموونە لە چیرۆکی (لە چایخانەی مەچکۆدا) لە ڕێگەی قسەکردن و خۆدواندن لە هەمان کاتدا گفتوگۆی نێوان خۆی و تەحسین مەچکۆی خاوەن چایخانەکە، هەر لەبەر خۆیەتی واتە لە ناخی خۆیدا تەحسین مەچکۆ دەدوێنێ دەنا لە ڕاستیدا ئەو لە چایخانەکەدا دانیشتووە و بە شێوەی گریمانەکراوی (افتراضي) هەم لەبەر خۆیەوە دەدوێ و هەمیش لە ناخی خۆیدا تەحسین مەچکۆ دەدوێنێ و دیالۆگی لەگەڵدا دەکات.

## و- بەکارهێنانی ناسنامەی باری کەسیی، یان شێوەی لێکۆڵینەوەی دادی لە دەرخستنی کەسێتی سەرەکی لە چیرۆکدا

ئەم ئەزموونەش هەر تایبەتە بە ع. سەڕاج، تەنیا لە جۆرەکانی ئەزموونگەری ئەودا دیومە، ئەویش وەك پێناسەی باری کەسیی، کەسی سەرەکی چیرۆکەکە کە بگێڕەوەی

چیرۆکەکەیـە، بـە ڕاناوی کەسـی یەکەمی تـاك (من) بەم شـێوازە بە خوێنەری دەناسـێنێ، بۆ نموونـە لـە چیرۆكـی (لەنـاو گـەدەی نەهەنگێکدا) بەم شـێوەیە پێناسـەکەی دەخاتە سـەرەتا و دەسـتپێکی چیرۆکەکـە:

(پێشەکی خۆمت پێ بناسێنم:

ناو: شوانی کوڕی میرزا مارفی سۆفی ڕەشید.

تەمەن: بیست و یەك ساڵ.

درێژی: ١٦٨سم.

چاو: قاوەیی کاڵ.

پێست: گەنم ڕەنگ.

پلەی خوێندەواری: قوتابی زانکۆی بەغدا.

باوك: جووتیار لە دێی هەناران.

دایك: تەمەنی بە تۆ بەخشی.

شتی تر: نییە)(٥٠).

## ی- بەکارهێنانی تەداعی لەفزی لە چیرۆکدا

ئـەم شـێوازە بـە مەبەسـتی ئەزموونگـەری و جوانـکاری لـە چیرۆکـدا لای ع. سـەڕاج بووەتـە شـێوازێکی تـر بۆ نیشـاندانی جیـاوازی توانایـی چیرۆکنووس لـە چیرۆکی کوردیـدا. بۆ نموونە لـە چیرۆکـی (فانتازیـا و تابلۆیەکـی کێـوی)دا وەهایە: (دانیشـتبووم، چوار مەشـقی. کاسـەی سـەرم کردۆتـە چوارچێـوەی تابلۆیـەك. تابلۆکەش ناخمـە. ناخم لاکێشـەیەکی زێڕینە. زێڕیش لم و چـەو و تاتـە بـەردی کانـی و چـۆم و بەنـدەن و لووتکەکانـە)(٥١). لـەم پەڕەگرافـەدا دەبینیـن کـە کۆتایـی نیـو ڕەسـتەیەك، یـان کۆتایـی ڕسـتەیەك، لەگـەڵ وشـەی سـەرەتای ڕسـتەکەی تـر، یـان نیو ڕسـتەکەی تر هەمان وشـە بەکاردەهێـنرێ. ئەمەش تەداعـی لەفزییە. وەك:

تابلۆیەك – تابلۆکەش

ناخمە – ناخم

زێڕینە – زێڕیش

ئـەم هونـەرەش لـە چیرۆکنووسـیندا بەهـرە و توانـا و لێهاتوویـی و زمانزانـی دەوێ، ئەمـەش لای سـەڕاج ئاسـانە و هـەر لە خـۆی دێ.

## م- بەکارهێنانی ناوی ڕۆژانی هەفتە وەك شێوازێکی نوێ و ئەزموونێکی جیاوازی ع. سەڕاج لە چیرۆکدا

بۆ نموونە لە چیرۆکی (س)دا سوودی لە بابەتێکی شێخ مارف بەرزنجی وەرگرتووە، چونکە لە نووسینێکی شێخ مارف بەرزنجیدا بە ناونیشانی (لە ئەلفەوە تا یێ هەموو شتێکی لێ پێك دێ)، نامانەوێ هەر بە وتن بێ بەڵکو کردارمان ئەوێ. لەم دەرگایەوە لە گیروگرفتی ژیانمان ئەدوێین. بۆ نموونە شێخ مارف هەر وشەیەکی، یان پیتێکی داناوە لە بەرامبەریدا ڕاڤەی کردووە، وەك: ئاو: باران دانیشتوانی شاری کەرکوك دڵنیابوون بۆ ئاوی ڕوون ڕەوانی پاکی بۆری،... تاد.

یان، ئاگر: کە ئاوت وت ئەبێ ئاگریش بڵێین... تاد.

یان، ئەگەر بۆم بێ، یا بۆم بهاتایە وا نەئەبووم... تاد:

ئا بەم شێوەیە چەندین وشە و پیتی داناوە و ڕاڤەی چیرۆکەکەی ع. سەڕاجیش باس لە لەتیف حامیدی چیرۆکنووس دەکات و سوودی لەم نووسینەی شێخ مارف بەرزنجی وەرگرتووە و لەم چیرۆکەدا کردوویەتی بە ئەزموونێکی نوێ و تایبەت بەخۆی. سەڕاج لەم چیرۆکەدا هەر حەوت شەوەکەی هەفتە دەکاتە حەوت چاپتەر و دەیخاتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەوە. خوێنەری زیرەك دەزانێ کە کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە ئەوە و باسی ئەو دەکات و ئەوی کردووە بە هێمایەك، یان تێمایەك بۆ نووسینی چیرۆکەکەی و بەم هۆیەشەوە هەم نوێکاری دەکات و هەمیش وەك هێما و جیهانبینی دەقەکەی و فەلسەفە و تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێت و لە هەمان کاتیشدا جوانکاری ئەزموونگەرییە لە چیرۆکی کوردیدا.

## ن- لێکتروەرگرتنەوەی ناونیشانی لاوەکی، یان ناونیشانی چاپتەر لەگەڵ یەکەم وشەی گێڕانەوە لە چاپتەرەکەدا

ئەمەش هەمدیس لای ع. سەڕاج بۆ مەبەستی نوێکاری و جوانکاری و ئەزموونگەرییە لە چیرۆکی کوردیدا. بۆ نموونە لە چیرۆکی (خاوەر)دا ئەم شێوازەی کردووە بە جۆرێکی تر لە ئەزموونگەرییەکانی لە چیرۆکی کوردیدا. دەبینین ئەم چیرۆکە چوار چاپتەرە و لەژێر چەتری ناونیشانی سەرەکی چیرۆکەکە کە (خاوەر)ە کۆکراونەتەوە. لە چاپتەری یەکەمدا کە ناونیشانەکەی (میم)ە دەبینین کە یەکەم وشەی گێڕانەوەی ئەم چاپتەرە بە هەمان پیتی (میم)ی ناونیشانی چاپتەرەکە دەست پێدەکات (من داش بە داش ناکەم) (٥٣). یان ناونیشانی چاپتەری دووەم (ئەلف)ەو یەکەم وشە و سەرەتا پیتی گێڕانەوەی

ئـەم چاپتـەرەش وەهایـە (ئاسـمان سـایەقە و سـامالّە..)(٥٤). یـان لـە چاپتـەری سـێیەمدا کە ناونیشـانەکەی (واو)ە یەکەم پیتی سـەرەتای وشـەی چاپتەرەکەش هەر بە پیتی (و) دەسـت پێـدەکات: (وایـان زانـی ئاسـمان....)(٥٥). یان لە چاپتـەری چوارەمدا کە ناونیشـانەکەی (بی) یـە، سـەرەتای پیتـی یەکـەم وشـەی گێڕانـەوەی چاپتەرەکـە بـە (ب) دەسـت پێـدەکات: (بـۆ باوکـی دڵسـۆز و بەڕێـزم)(٥٦). بێگومـان زۆر شـێوازی نوێـی تریـش هـەن لـە چیرۆکەکانـی ع. سـەڕاجدا کـە تایبەتـن بـە ئەزموونـی ئـەم لـە بـواری چیرۆکنووسـیندا و توانیویەتـی وەك تایبەتمەنـدی و توانایـی خـۆی لـە چیرۆکی کوردیـدا پـێ بسـەلمێنێ و وەك ئەزموونگەری ئەم دادەنرێـن، بـەڵام ناتوانیـن هەموو ئـەم ئەزموونانە بـە دوورودرێژی لەم توێژینـەوەدا شرۆڤە بکەیـن، چونکـە سـەڕاج ئەزموونـی لە چیرۆکـی کوردیـدا زۆرە و فرەبەهرە و کارامـە و لێزانە چ لـە تەکنیکـی چیـرۆك و چ لـە بـواری ڕۆشـنبیریی گشـتیدا، بۆیـە چەنـد ئەزموونێکـی تری ئـەو وەك زانیـاری و بەشـێوەی خێـرا بـاس دەکەیـن، لـەم ئەزموونگەرییـەی سـەڕاجدا ئـەم شـێوازە ئەزموونگەرییانـەش هەن:

١- نامـە وەك چاپتەرێـك و کردنـی بـە کۆتایـی چیـرۆك، وەك لـە چیرۆکـی (خـاوەر)دا نامەکە هـەم چاپتـەر و هەمیـش کـراوە بە کۆتایـی چیرۆك.

٢- تێکەڵکردنـی ڕانـاوەکان لـە گێڕانـەوەدا، لای چیرۆکنووسـانی تـر ڕەنگـە لـە بڕگەیـەك، یان پەڕەگرافێـك، یـان چاپتەرێـك، یـان بەشـێك بـۆ بەشـێکی تـر ڕاناوەکانـی وەك: مـن، تـۆ، ئـەو، ئێمـە، ئـەوان بگـۆڕیـن، بـەڵام سـەڕاج لـە چیرۆکەکانیـدا تەنانـەت لـە هەندێك چیرۆکیشـیدا دەبینیـن لەنێـو ڕسـتەیەك و ڕسـتەیەکی تـردا زۆر هونەرمەندانـە ڕانـاوەکان دەگـۆڕێ، یان لە پەڕەگرافێکـەوە بـۆ پەڕەگرافێکـی تـر، ئەمـەش کارامەیـی و توانایـی چیرۆکنووسـی دەوێ بـۆ نموونـە لـە چیرۆکـی (ئەشـکەوت)دا لەنێو ڕسـتەیەکدا چەند جارێك ڕانـاوەکان دەگۆڕێ وەك:

(بـا فریاکەویـن – ئـۆی لەتـۆ – کچـێ نـەوەك – بـۆ هیچـی ئەوتۆمـان هەیـە کـە دوامـان بخـات؟)(٥٧).

(ئێمە) (تۆ) (تۆ) (ئێمە)

نموونەی تریش لە چیرۆکەکانیدا زۆرن.

٣- دوورکەوتنەوە لە کۆتایی ئاسـایی جاران لە چیرۆکدا. ع. سـەڕاج بۆ کۆتایی چیرۆکەکانی لە هیـچ چیرۆکێکیـدا کۆتایی بـۆ چیرۆکەکەی دانەنـاوە، بەڵکو لە هەندێك چیرۆکیـدا دیالۆگێك، یـان نامـە، یـان بابەتێکـی تـر کـراوە بـە شـوێنگرەوەی کۆتایـی و لـە ڕاستیشـدا هەموویان بۆ خوێنـەری زیـرەك و دەسـتەبژێر، یـان پرسـیارە و یانیـش بـۆ خوێنەرەکـەی جێهێشـتووە تـا ئـەو لـە زەینـی خۆیـدا کۆتاییەکـە دابنـێ. بـۆ نموونە وەك باسـمان کرد لـە چیرۆکـی (خاوەر)

دا نامەیەك دەبێتە كۆتایی و لە چیرۆكی (ئەشكەوت)دا كۆتاییەكەی بە دیالۆگ كۆتایی هاتووە كە پرسیارێكەو وەڵامەكەی نەدراوەتەوە و بۆ خوێنەری جێهێشتووە. نموونەی تریشمان زۆرن لە چیرۆكەكانیدا.

٤- بەكارهێنانی یاری لەفزی لە دروستكردنی مانادا، یان هەڵوەشاندنەوەی ڕستە بۆ بڕگە و وشە و دانانی خاڵ لەنێوان وشە و بڕگەكاندا بۆ دروستكردنی مانایەكی تر بە چیرۆكەكە و دەربڕینی مەبەست و دەرخستنی لایەنی شاراوە لە دەربڕینەكاندا. بۆ نموونە لە چیرۆكی (كش)دا وشە و نیوە وشە و دوو نیو وشە و وشەیەكی تر ماناكانی ڕستە و پەڕاگرافەكان دەگۆڕن وەك دەڵێ:

(- مەڕۆ، لە كۆتاییدا شا... نۆ... گە... رییە... كی كۆمیدیش هەیە!!)(٥٨).

یان دەڵێ: (كش لە شا... لە (نۆ) و كەریی تۆ)(٥٩).

ئەمەش هەم بۆ گۆڕینی ماناو هەمیش بۆ نوێكاری و جوانكاری چیرۆكەكە و بە مەبەستی ئەزموونگەرییش وای لێكراوە.

٥- تێكەڵكردنی زانیاری زانستی لە زۆربەی زانستەكان و لە زۆر بواردا بۆ نموونە لە چیرۆكی (لاكێشە ڕووناكەكان)دا، لە بوارەكانی زانست و فەلسەفە و كات و زانستی گشتی و ڕۆشنبیریی گشتی دەكات، وەك كات (كاتژمێر، ساڵنامە) و باسی مردن و ژیان و باسی پێكهاتەی مرۆڤ و لە باسی زانستیدا باسی میكرۆبی تەلاریما و بۆمبای هایدرۆجین و خەوی موگناتیسی و دەیان زانست و زانیاری تر دەكات(٦٠). ئەمەو دەیان تەكنیك و شێوازی تریش چ لە بواری نوێكاری چیرۆكی كوردیدا كە لە هەندێكیاندا هاوبەشییان لەگەڵ چیرۆكنووسانی تری نەوەی خۆی وپێش خۆیدا هەیە و لە هەندێكیشیاندا لەگەڵ ئەواندا جیاوازە و چیرۆكی زۆریشی هەیە كە ئەزموونگەری و توانای سەڕاجمان بۆ دیاری دەكەن و تایبەت بە ئەون. بۆیە هەرچەندی لە سەڕاج وردبینەوە توانای نوێكاری و ئەزموونگەریی زیاتر لە ناو چیرۆكەكانیدا دەدۆزینەوە، بەڵام من نەمویست لەوە زیاتر لە هەموو وردەكارییەكانی بكۆڵمەوە، دەنا غەواسی تر هەبێت هێشتا دوڕ و مەرجانی زیاتر لەناو دەریای داهێنانەكانیدا دەدۆزرێتەوە.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەم بۆ چیرۆكەكانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا گەیشتمە ئەو ڕاستییەی كە چیرۆكەكانی ئەوەند هونەریین هێشتا جگە لە من و ئەو توێژەر و لێكۆڵەرەوانەش كە لە سەرەتای نووسینەكەمدا باسم كرد و لەبارەی هونەر و ئەزموونی ئەو نووسیویانە، بەڵام

لەگەڵ ئەوەش کەسانی تریش هەن، یان من نووسینەکانیانم نەدیوە، یانیش نەمویستووە هەر هەموویان بکەم بە نموونەی ئەو کەسانەی لەبارەی ئەوەوە نووسیویانە، دەنا هێشتا چیرۆکەکانی سەڕاج ئەوە دەهێنێ و هەڵدەگرێ کە دەیان تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەریشی لەبارەوە بنووسرێت و هێشتاش لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە جیا لەوەی وەك چیرۆکنووسە نوێکارەکانی کورد هەوڵەکانی بەردەوامن و هەمیشەش لە نوێبوونەوە و خۆبەزاندنی خۆی بەردەوامە و توێژەرانی سەرسام کردووە. لەمیانی لێکۆڵینەوەمدا ئەم ئەنجامانەم دەستنیشان کردووە:

١- ع. سەڕاج خۆی فرەبەهرەیە، چونکە چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و لێکۆڵەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی شێوەکاری و شانۆنووسە، ئەمەش وایکردووە ڕەهەندی چیرۆکەکانی فراوان بێت.

٢- سەڕاج خولیای خۆجێهێشتنە، نوێکاری بواری چیرۆك و ڕۆمانی کوردییە، ئەو لە هەر چیرۆکێکیدا وەك چیرۆکەکەی پێشتری نانووسێ و بەردەوام لە نوێبوونەوە و ئەزموونگەری دایە، چونکە شێواز و تەکنیکەکانی فرەجۆر و ڕەهەندن.

٣- ئەزموونی چیرۆکنووسینی لەگەڵ هەموو چیرۆکنووسانی پێش خۆی و نەوەی خۆیشی جیاوازە، چونکە خاوەن شێواز و فۆرمێکی زۆر نوێی چیرۆکە لە ئەدەبی کوردیدا.

٤- خاوەن زمانێکی چڕوپڕ و قووڵ و هێمادارە، مانادارە و ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێ و درەنگ خۆی بەدەستەوە دەدات.

٥- بۆ نوێبوونەوە و ئەزموونگەرییەکەی سوودی لە تاقیکردنەوەی چیرۆکی پێشکەوتووی دنیا وەك ئەدەبی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەمەریکای لاتین وەرگرتووە. لە ڕێگەی زمانی عەرەبیشەوە، سوودی لە ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەر وەك عەرەبی، تورکی، فارسی وەرگرتووە و هاوشێوەکانی لە چیرۆکی کوردیدا دروست کردووە.

٦- بایەخی بە فانتازیا و ئەفسانە و خورافە و خەیاڵ داوە، یان هاوشێوەی ئەمانە خۆی بابەتەکەی دروست کردووە، بە مەبەستی گوتاری مانا و نوێکاری و ئەزموونگەری لە چیرۆکی کوردیدا.

٧- پەیڕەونەکردنی زنجیرە ئاسایی و تەقلیدییەکەی گێڕانەوە و تێکشکاندنی زنجیرەی گێڕانەوە و دوورکەوتنەوە لە ڕاستەوخۆیی گوتن.

٨- سوودوەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی و مەزراندنی فۆلکلۆر و بەکارهێنانی لە نوێکردنەوەی چیرۆکدا، یانیش هاوشێوەی حیکایەت و ئەفسانە و سەیروسەمەرەی کوردی، ئەو خۆی وەك پێشەکی و کۆتایی حیکایەت و بابەتەکانی ئەفسانە و خورافەی کوردی

خۆی دروستی دەکات و چیرۆکی کوردی پێ نوێ دەکاتەوە و خۆی پێ لە چیرۆکنووسانی تری کورد جیا کردۆتەوە.

٩- لە ڕۆماننووسینیشدا زەخیرەیەکی ڕۆشنبیری فراوانی هەیە و پڕ بەرهەمە و نوێکار و ئەزموونگەرە.

١٠- شانبەشانی شێوەی نوێ و ئەزموونی نوێی خۆی، ناوەڕۆکیشی وەك فۆرم هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە و لێکی دانەبڕیون و پشتگوێی نەخستوون.

١١- کارەکتەرەکانی لە بەرهەمەکانیدا نامۆ نین و هەرگیز کارەکتەری ناپێویستی بەکار نەهێناوە، بەڵکو هەموو کەسێتی سەرەکی و لاوەکییەکانیشی پەیامی نووسەریان هەڵگرتووە و لەخۆڕا دانەنراون.

١٢- ناونیشانی چیرۆك لای سەڕاج مەبەستدار و هێمادار و هەڵگری پەیامی چیرۆکنووسە و تەواو گونجاو و هاوشان و هاودەق و پڕبایەخە و هەڵگری جیهانبینی و مەبەستی چیرۆکنووسە و لای سەڕاج پڕ بایەخن و لەگەڵ نوێکاری و ئەزموونگەرییەکەیدا گونجاوە.

١٣- سەڕاج بایەخی بە هەموو تەکنیك و شێوازێکی نوێی چیرۆك داوە و جیا لەوەی هەموو تەکنیکە نوێکانی لە چیرۆکی کوردیدا بەکارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش بەردەوام لە نوێبوونەوە و ئەزموونگەری دابووە، چونکە ئەزموونگەر هەمیشە لە نوێبوونەوە و زیادکردن و تاقیکردنەوە و بابەتە باو و ناباوەکانی دنیادا دەگەڕێ و تاقی دەکاتەوە و دەیهێنێتە ناو چیرۆکی کوردی و هەمیشە بەدوای بابەت و تەکنیك و شێواز و دیمەن و گێڕانەوە و ڕووداو و هەموو ئاستەکانی نامەئلووفی چیرۆکە و لە کەرەستە و بابەتە سواوەکان دوور دەکەوێتەوە.

١٤- بایەخی بە بەشداری خوێنەر داوە و لە زۆربەی هەرە زۆری دەشتوانم بڵێم لە هەموو چیرۆکەکانیدا پشت بە خۆێنەری زیرەك دەبەخشێ و کۆتاییەکەی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ و بەشداری پێدەکات لە دانانی کۆتایی چیرۆکەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ع. سەڕاج چیرۆك بۆ خوێنەری زیرەك، یان دەستەبژێر دەنووسێ و عەوام تێی ناگات، چونکە چیرۆکەکانی قووڵ و پڕ مانا و پڕ زانیاری و فرەڕەهەندن و لەناو زمانێکی هێمادار و پڕ لە مەدلوول داپۆشراون و وەك نالی گوتەنی غەواسی دەوێ تا بگاتە بنی دەریای چیرۆکەکانی و دوڕ و مەرجان و گەوهەرەکانی چیرۆکنووس بدۆزێتەوە، یان سیحربازێکی کارامە و لێهاتووی دەوێ تا مەتەڵە شاردراوەکانی ئەودیوی مانای دەقەکە هەڵبێنێ، ئەمەش توانا و کارامەیی چیرۆکنووس دەردەخات.

١٥- لەم لێکۆڵینەوەمدا کە بۆ سێ باسی گرنگ بۆ چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج دابەشم

کـردووە، دەتوانیـن چەنـدان بابەتی گرنگتر لە تەکنیك و شـێواز و هونەرکاریـی تر بدۆزینەوە و ئـەوە بسـەلمێنین کـە سـەڕاج چیرۆکنووسـێکی گرنگـە لـە ئەدەبـی کوردیـدا و نوێـکار و ئەزموونگـەر و پڕبەهـرەو بەرهەمـە و بـەردەوام لـە دۆخگۆڕینـە و بـەردەوام بـەرەو پێـش دەچێـت و تـا بنووسـێت خولیـای خۆجێهێشـتنە لـە چیرۆکـی کوردیدا.

## پەراوێزەکان:


حوسـێن عـارف، نووسـینەکانم لـە بـواری ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوەدا، بڵاوکراوەکانـی دەزگای سـەردەم، چ/١ سـلێمانی ٢٠٠٢، ل١٤٠.

ئیبراهیـم قـادر محەمـەد، لێکۆڵینـەوەی کورتـە چیرۆکـی کـوردی لـە کوردسـتانی باشـووردا – ١٩٧٠-١٩٨٠، چ/١، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٢٣، ل٢٠٥.

زاهیـر ڕۆژبەیانـی، چیرۆکـی هونەریـی کوردیـی - شـێوە و شـێواز و بونیـاد، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، چ/١، ١٩٩٧، ل١٣٧.

ڕێـزان ڕەحـمان خـدر، تەکنیکی گێڕانەوە لـە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سـەڕاج)دا، بڵاوکراوەکانی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد – مەڵبەندی گشـتی، چاپخانەی ڕۆژهـەڵات، چ/١، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٨.

ئەدیب نادر، ڕوخسار و دەمامك، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ٢٠١٩، ل٨٥.

د. سـەلیم ڕەشـید سـاڵح، لێکۆڵینەوەکانـم لـە بـواری شـێوازدا، چاپخانـەی ڕۆشـنبیری، چ/١، هەولێـر، ٢٠١٩، ل١٣٢.

عەلـی شـێخ عومـەر، تێکشـکاندنی دەق و فانتازیـای لەتبوونـی خـود، گۆڤـاری (دیـوان)، ژ/٢٣، نیسـانی ٢٠٢٣، ل٦٦.

سـەباح ڕەنجـدەر، کاکـەم بۆتانی: ناسـین و بیرەوەرییـەك، ڕۆڤار، ژمـارە (٩٢)، هاوینی ٢٠٢٢، ل٥٩.

عەبدوڵـڵا سـەڕاج، لاکێشـە ڕووناکـەکان و ئەوانـی تـر، بڵاوکراوەکانـی دەزگای ئـاراس، چ١، چاپخانـەی دەزگای ئـاراس، ل٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١١.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٢٦.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٧١.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٧٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٥٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٧٥.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٧٩.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٩٨.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٠٣.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٩٤.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢١.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٧٧.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٥٧.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٦٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٣٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٣٧.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٥٠.
د. نەجم ئەڵوەنی، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپخانەی ئاراس، چ/١، هەولێر، ل١٢٢.
عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٤٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٤٦.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٥١.
عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢١.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

حوسێن عارف، هەڵسەنگاندن، برایم شۆراوی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢) تشرینی دووەم ١٩٨٢، ل٦٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٣٢٥.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠.

سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعرووف بەرزنجی، سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چ/١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣، ل٢٩٠.

عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوە پێشوو، ل١٢٥.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوە، ل٢٦-٢٧.

## سەرچاوەکان:

١- حوسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا،ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٨٨، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٦٢)، چاپخانەی دەزگای سەردەم، چ/١، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢- ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا – ١٩٧٠-١٩٨٠، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ٢٠٢٣.

٣- د. نەجم ئەڵوەنی، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (١١٩٣)، چاپخانەی ئاراس، چ/١، هەولێر ٢٠١١.
٤- د. سەلیم ڕەشید سالح، لێکۆڵینەوەکانم لە بواری شێوازدا، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ٢٠١٩.
٥- زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەریی کوردیی، شێوە و شێواز و بونیاد، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر (٢٧)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ١٩٧٧.
٦- ئەدیب نارد، ڕوخسار و دەمامك، تێڕامان لە هەندێك دەق و نووسینی تر، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ٢٠١٩.
٧- سامان بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/١، هەولێر، ١٩٩٣.
٨- ڕێزان ڕەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی (١٥)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ/١، هەولێر، ٢٠١٢.
٩- عەبدوڵڵا سەڕاج، لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر، بڵاوکراوەکانی دەزاگی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٥٩٦)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ/١، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٠- حوسێن عارف، هەڵسەنگاندن، برایم شۆراوی، دەق و ڕەخنە، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢)، تشرینی دووەم ١٩٨٢.
١١- عەلی شێخ عومەر، تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خوود، بەشی یەکەم، گۆڤاری دیوان، ژمارە (٢٣)، نیسانی ٢٠٢٣.
١٢- سەباح ڕەنجدەر، کاکەمەم بۆتانی: ناسین و بیرەوەرییەك، ڕۆڤاری ژمارەی تایبەتی بە کاکەمەم بۆتانی بە ناونیشانی (کاکەمەم بۆتانی تریفەی خۆشەویستی)، ژمارە (٩٢)، هاوینی ٢٠٢٢.